kurdistanukurd.com

ژمارە ٦٢٢

هەینی

٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢

٢١ی دێسامبری ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■



پیرۆزبایی هەشتاوسێیەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی د. قاسملووی نەمر لە عاشقانی ڕێگاو ڕێبازەکەی دەکەین.

شەوی یەلدای ١٣٩٢

«کوردستان»



**خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات لە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزدا:**

# کێشەی کۆماری ئیسلامی هەر کێشە لە گەڵ حیزبی دیموکرات نیە، کێشەی لە گەڵ نەتەوەی کوردە بەهەموو ئایین و ئایینزا و زاراوەکانییەوە



لە ٦٨ ساڵەی دەستبەسەرداگیرانی دوا بنکەی سەرکوتی دەوڵەتی پاشایەتی لە شاری مەهابادو لە بیرەوەریی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ڕێورەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرێوەچوو.

لەم رێورەسمەدا کە بەسەدان تێکۆشەری دیموکراتو بنەماڵەکانی پێشمەرگەو ژمارەیەکی زۆری میوان تێیدا بەشدار بوون، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، خالیدی عەزیزی وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد. عەزیزی دوای ئاماژە بە ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویو ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، باسی لە ڕۆڵی پێشمەرگە لە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد دا کرد.

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دواتر چووە سەر ڕوانگەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە بارەی هەلومەرجی ئەورۆی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەم بارەیەوە گوتی: «کێشەی کۆماری ئیسلامی هەر کێشەی لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیە نیە کێشە لەگەڵ نەتەوەی کوردە بە هەموو ئایین، ئایینزا و زاراوەکانییەوە».

دەقی قسەکانی سکرتێری گشتی حیزب هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

## شەمێکی تر بۆ سەر کێکی لە دایکبوونی د.قاسملووی نەمر

قادر وریا

جارێکی دیکە، شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی د.قاسملوو دەبێتەوە بۆنەو بیانوویەک بۆ ئەوەی ئاوڕ لە ژیانو تیکۆشانو بیرو هزری ئەم کەسایەتییە بدەینەوە.

عەبدوڵرەحمانی قاسملوو، کەمی لەسەر نەنووسراوە. بە کوردیو فارسیو بە زمانەکانی دیکەش، زیاتر لە زۆر ڕێبەرو کەسایەتیی دیکەی کوردی لە سەر نووسراوە. بەڵام ئەمە ناتوانێ پاساو بێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا یادی نەکەینەوە و چی دیکەی لە سەر نەڵێینو نەنووسین.

د.قاسملوو لەو کەسایەتییانەیە کە دوای مەرگو بە تێپەڕینی زەمان، نەک هەر لە بیر نەچوونەوە بەڵکوو لە نیو نەتەوەکەی خۆیانو شارەزایانی سیاسیو نوخبەکانی نەتەوەکانی ئێراندا، ڕێزیان پتر و خۆشەویستییان زیاتر بووە. واتە لە گەڵ ئەوەی لە باری تێپەڕینی ساڵەکانەوە لێی دوور دەکەوینەوە، لە هەڵسەنگاندنەوەی باوەڕو بۆچوونو هەڵوێستەکانیدا، لێی نزیک دەبینەوە. ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وەک دەڵێن ئایا ئەو، «پێش سەردەمی خۆی لە دایک ببوو» و بەرزتر، قووڵتر و دوورتر دەیڕوانی؟ یا هاوسەردەمەکانی، لە باری بیرکردنەوەو ڕوانینەوە، ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان نەبوونو نەیاندەتوانی ئاڵوگۆڕو ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان دەرک بکەن و بە تیگەیشتن لە سروشتو نیازی سەردەمەکە، سیاسەت بکەن؟

ئەوە کە نەسلەکانی ئێستاش، لە دەروژووری کوردستان، چ لە نێو زانکۆکان و لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، چ لە بەندیخانە، لە شاخ و چیا دوورەولاتی، تەنانەت لە لێکۆڵینەوە و باسە ئاکادیمییەکاندا، خۆیان لەڕوانینو گوتارو پەیامی د.قاسملوو دا دەدۆزنەوە و بە یارمەتیی وتەکان وئیستیدلالەکان (بەڵگاندنەکان)ی ئەو ڕێبەرەو بە پشتبەستن بە هەڵوێستەکانی، تەعبیر لە داوا و ویستەکانی خۆیان دەکەن،چ حیکمەتێکی تێدایە؟

دەکرێ هەر کامێکمان وڵامی جۆراوجۆرو جیاوازمان بۆ ئەم پرسیارانە هەبێ. بەڵام بێدوودڵی دەتوانین بڵێین، یەک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم لەخۆ زانینو بە نزیکزانینە، لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینو سیاسەتکردنو هەڵوێستگرتنی د.قاسملوو لە دەرەوەی ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوگرێدانو بالانسو هاوسەنگییە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕێبەرە، ژیرانەو سیاسییانە لە نیوان کۆمەڵێک واقیعی سەردەمەکەی خۆیدا، دروستی کردبوون.

د.قاسملوو لە گەڵ ئەوەی لە باری باوەڕو جیهانبینییەوە، پێشینەیەکی مارکسیستیی هەبوو، بەڵام لە سیاسەتکردندا، خۆی بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم نەدەبەستەوە. لە بیرکردنەوەدا، چەپ و سۆسیالیست بوو،

ل ٣

## پەسەندکرانی بڕیارنامەیەکی دیکەی کۆڕی گشتی لە مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی دا

کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی دیسامبر، بڕیارنامەیەکی لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پەسەند کرد. بڕیارنامەکە بە دەنگی ٨٦ وڵات پەسەند کرا. ٣٦ ولات دەنگیان بە دژی بڕیارنامەکە داو ٦١ وڵاتیش دەنگی سپیان پێ دا. بڕیارنامەکە، مانگی نوڤەمبری ڕابردوو لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (کۆمیتەی مافی مرۆڤ)، پەسند کرابوو.

کۆڕی گشتی لەم بڕیارنامەیەی دا، نیگەرانیی قووڵی خۆی لە پێشێلکردنی جیددیو بەردەوامی مافی مرۆڤو بەڕێوەچوونی ڕوولەزیادبوونی حوکمی ئێعدام لە ئێراندا دا ڕاگەیاندوە. ڕەخنەشی لە جێبەجیکردنی حوکمی ئێعدام لە بەر چاوی خەڵک، بەڕیوەبردنی حوکمی ئێعدام بە نهێنی، ئێعدامی کەسانی خوارووی ١٨ ساڵو هەروەها ئێعدامی بە کۆمەڵ، گرتوە. بڕیارنامەکە دەڵێ لە دوای هاتنە سەرکاری ڕووحانی، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ەشەوە، زیاتر لە ٤٠٠ حوکمی ئێعدام بەڕێوە چووە.

ئەشکەنجە، سزاو ڕەفتاری توندوتیژ و دژی ئینسانیو تێکەڵ بە سووکایەتی، پەڕاندنی ئەندامەکانی لەشو شەللاغ لیدان، لەو نموونانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤن کە لەو نوێترین بڕیارنامە یەش دا کەوتوونە بەر ڕەخنە.

تۆقاندن، ئازاردانو ڕاوەدوونانی سیستماتیکی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، درێژەی توندوتیژیو هەڵاواردن دژی ژنان، بەردەوامیی جیاوازیدانان دەرحەق کەمایەتییە زمانیو نەتەوەییەکان، پێشگیری لە پێکهاتنی کۆبوونەوەی هێمنانەو بەربەست دروستکردن لە سەردەسترا گەیشتن بە ئەنترنیت، سانسۆرو داخستنی ڕۆژنامەکان، لەو نموونە ئاشکرایانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤن کە بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە توندی ڕەخنەی لێگرتوون.

## نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوی بە ئەحمەد شەهید، ڕێپۆرتێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوت



نوێنەری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان چاوی بە ئەحمەد شەهید، نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران کەوت. ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی دسامبری ٢٠١٣ بەرامبەر لەگەڵ ٢٨ ی سەرماوەز خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چاوی بە ئەحمەد شەهید، نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران کەوت. لەو دانیشتنەدا نوێنەری حیزب بەدرێژە لەسەر پێشێلکردنەکانیی مافی مرۆڤ لە ئێران و بەتایبەت کوردستان، باوردۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی کورد، ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندکراوانی سیاسیی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو هەروەها کوشتاری کۆلبەرانی کورد کە بۆ بە دەستهێنانی بژیوی ماڵو منداڵیان ڕۆژانە دەکەونە بەر هێرشی ناڕەوای هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمو خەلکێکی زۆر لەو ڕێگەیەدا گیانیان لەدەست داوە، بۆ ئەحمەد شەهید دواو لەو بارەوە زانیاریی زیاتری دایە.

٤



خالید عەزیزی: میللەتێک بە مێژوو و کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا،...

٥



لە پێناو مێکانیزمێکی هاوبەشی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٦



پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە

٧



ماندێلا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات

١١



شەوی یەلدا و بیرەوەرییەک

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتدا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کردنەوەی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتدا بەشدار بوو.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی‌و بە هاوڕێیەتی سۆهەیلا قادری‌و عەلی بداغی، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە کردنەوەی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتدا بەشداربوون کە ڕۆژی هەینی، ٢٩ ی سەرماوەز لە شاری هەولێر بەستراو هەیئەتی حیزب پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بەو بۆنەیە پێشکێش بە لێژنەی بەڕێوەبەریی کۆنفڕانس کرد.لەو کۆنفڕانسەدا کە بەبەشداریی دەیان کەس لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و نوێنەرانی سەربەخۆی لاوان لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوانە بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە لاوان، دەورو ڕۆڵی لاوان لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردو، هەروەها چۆنیەتیی ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کراو بڕیاری پێویست لەبارەیاندا درا.

# کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پارتی دێموکراتی کوردستان



**لە کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕات‌و پارتی دێموکڕاتی کوردستان‌دا گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کوردو پێوەندیی دوولایەن تاوتوێ کرا.**

ڕۆژی شەممە ٢٣ی سەرماوەز بەرامبەر بە ١٤ی دێسامبر شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتی حیزب، کاک خالید عەزیزی سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە پیرمام کردو، لەلایەن شاندێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە سەرپەرستیی کاک فازل میرانی، سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارو دانیشتنەدا پرس و بابەتی پێوەندیدار بە پێوەندیی دوولایەنەی حیزبی دێموکرات‌و پارتی دێموکراتی‌و پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هاتنە بەرباس‌و وتووێژو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

هەر لەو پێوەندییەدا دوای هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە‌و پرسی کورد لەو گۆڕەپانەدا، تەئکید کراوە کە وێڕای کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان هەوڵ بدرێ یەکڕیزی زیاترو پتەوتر لە نێو حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کورددا پێک بێ.

دوولایەن بە تێڕوانینی واقعبینانە لە وەزعیەتی کورد لە سەردەمی ئێستادا تەئکیدیان لەسەر ئەوە بوو کە باشترین ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئەو پرسە بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێ.

گفتوگۆو دیالۆگ لەسەر پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو کە دوو لایەن وێڕای هەڵسەنگاندنی ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی پێیان وابوو کە نەتەوەی کورد پێویستی بە دامودەزگایەکی وەک کۆنگرەی نەتەوەیی هەیە، بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجێکی وا پێویستە زەمینەی باشترو لەبارتر لەنێو هێزە سیاسییەکانی کورددا دروست بێ، هەتا باشترو بەهێزتر بتوانن پەیامی ئاشتیی کورد بە دەوڵەتانی ناوچەو دنیاو گەلانی دراوسێی کورد بگەیەنن.

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتدا





حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یادو بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کەپێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و کۆمەڵێکی زۆر میوان‌و دۆست‌و لایەنگرانی حیزب بەڕێوە چوو، بە بیرهێنانەوەی حەماسەی پێشمەرگە‌و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورددا، خەبات‌و فیداکاری‌و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێزی لێ گیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی پێشکێش کرد.

شایانی باسە ئەو ڕێورەسمەدا بە سروودی «من پێشمەرگەم»، گرووپی هەڵپەڕکێی ٢٦ ی سەرماوەز بە چەند تابلۆی هەڵپەرکێ، پەخشانە شێعری عەلی قۆیتاسی، گۆرانییەکی حەمەدەمین کەریمی، گۆرانییەکی ئەییوب یارئەحمەدی، تەک نەوازیی سامان باوەجانی، گۆرانییەکی سەعید کامیارانی، گۆرانییەکی ئەشکان میلانی، سروودی من پێشمەرگەی کوردستانم بە دەنگی سەید ساڵح سەیدی‌و چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی ئاویەر درێژەی پێ درا.

ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە دیمەنەکانی هەڵپەرکێی گشتیی بەشدارانی ریوڕەسمەکە کۆتایی پێ هات.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لە سەر سێ قۆناغی جیاوازی تێکۆشانی پێشمەرگەی کوردستان



سمایل بازیار، کادری حیزبی دێموکرات‌و مامۆستای زانکۆ لە باسێکی سیاسی‌داو بە پۆلێن کردنی مێژووی تێکۆشانی پێشمەرگەی کوردستان لە سێ قۆناغی زەمەنیی جیاوازدا تایبەتمەندییەکانی هەر کام لەو قۆناغانەی شی کردەوە.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ٣٠ ی سەرماوەز لەلایەن کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو پەروەردە کردنی حیزبی دێموکرات‌و بەبەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات بەڕێوە چوو، کۆڕگێڕ بە پۆلێن کردنی باسەکەی لە سێ قۆناغی کۆماری کوردستان، سەردەمی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکرات لە سالەکانی ٤٦ — ٤٧ و قۆناغی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ٥٧ تا ٧٥ هەتاوی‌دا، تیشکی خستە سەر ڕۆڵ‌و تێکۆشانی پێشمەرگەی کوردستان لە بزاوتی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر کام لەو قۆناغە زەمەنییەدا.

سمایل بازیار لە باسەکەی‌دا بە خستنەڕووی هەندێ تایبەتمەندیی وەک ئەرکی هێزی پێشمەرگە، ناوچەی چالاکیی هێزی پێشمەرگە، پێکهاتەی چینایەتی‌و چەندی‌و چۆنیی هێزەکانی پێشمەرگە‌و هەروەها ئەو زیان‌و خەسارانەی هێزی پێشمەرگە لە بەرەنگاری لەگەڵ هێزی دوژمن‌دا وێی کەوتوە، بەراوردی ئەو تایبەتمەندییانەی مێژووی خەبات‌و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەگەڵ یەکتر لەو سێ قۆناغە جیاوازەی مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا کرد.

کاردانەوەی خەباتی پێشمەرگە‌و کاریگەریی تێکۆشانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک سمایل بازیار لەو سمینارە بوو.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی ئەو باسەدا کۆمەڵێک لە ئامادەبووان بە خستنەڕووی سەرنج‌و تێبینییەکانیان بەشدارییان لەو باسەدا کرد.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە سەر عەمەلکەردی دەوڵەتی ڕووحانی لە ئێران و کوردستان









گرووپی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ئێران‌و کوردستان لە کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێکدا سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی دەوڵەتی ڕووحانی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە ئێران و کوردستان خستە بەر باس.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەز، حەسەن شێخانی‌و مەنسوور مروەتی، لە ئەندامانی گرووپی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ئێران‌و کوردستان لە ساڵۆنی کۆمسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەرکام بەجیا لە پێوەوەندی لە گەڵ عەمەلکەردی دەوڵەتی ڕووحانی لە ئێران‌و کوردستان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا باسیان پێشکەش کرد.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا کەماڵ کەریمی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ کارو ئەرکەکانی ئەم گرووپەدا کە لە ژێر چاودێری کۆمسیۆنی ئامووزش‌دا کار دەکا، ڕوونکردنەوەیەکی بۆ بەشدارانی سمینارەکەدا دا.

لە درێژەی سمینارەکەدا حەسەن شێخانی، ئەندامی گرووپی بەدواداچوونی ڕووداوەکان لە پێوەندی لە گەڵ دۆسییەی ناوکی ئێران لە دەوڵەتی ڕووحانی و دواتر ڕێکەوتنی نێوان ڕۆژاوا و ئێران لە سەر پرسی ناوکی ئێران قسەی بۆ بەشداربوان کرد.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا مەنسوور مروەتی، ئەندامی گرووپی بەدواداچوونی ڕووداوەکان لە کۆمسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتی ڕووحانی‌و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا باسەکەی پێشکەش کرد.

مروەتی لە سەرەتای قسەکانی‌دا بە ئاوڕدانەوە لە هۆکارەکانی مەیلی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی دوایین خۆلی سەرکۆماری لە ئێران‌و ئەو وادەو بەڵێنیانەی کە کاندیداکانی سەرکۆماری‌و یەک لەوان ڕووحانی بە خەڵکی، باسی لە هەڵوێست‌و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕووحانی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کرد.

دوایین بەشی سمینارەکە بریتی بوو لە بەشداری بەشێک لە ئامادەبووانی سمینارەکە بە هێنانە گۆڕی پرسیارو تێبینییەکانیان، زیاتر گرنگی بە باسەکان دران.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە زانکۆی ڕاپەڕینی ڕانیە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز



پێشنیوەڕۆی سێشەممە ٢٦ی سەرماوەز لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی ڕاپەڕین دوو چالاکی بۆ ڕێز گرتن لە بیرەوەریی ٢٦ی سەرماوەز، بەڕێوە چوون.

یەکەم چالاکی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بوو بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە ئەو چالاکییە بە ئامادەبوونی مامۆستایان‌و خویندکارانی بەشە جۆراوجۆرەکان، سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین، پرۆفیسۆر محەممەد عەلی بەڕێوە چوو.

سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین، پرۆفیسۆر محەممەد عەلی لە بیرەوەریی یەکەم هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ لە مەهاباد، ئاڵای کوردستانی هەڵدا و وتەیەکی لە بارەی ڕێزی ئاڵا پێشکەش کرد.

دووهەم چالاکی سمینارێک بوو کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران‌و مامۆستایانی کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی بۆ مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی راپەڕین، قادر وریا پێک هات.

قادر وریا لە سمینارەکەی دا ئاماژەی بە ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ کرد کە بریتی بوو لە چەک کردنی بنکەی سەرکوت‌و تاوان، شارەوانیی مەهاباد لە لایەن خەڵکی ئەو شارەو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەر ئەو بنکە دەستبەسەر داگیراوە.

قادر وریا ئاماژەشی بەوە دا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤، (١٣٦٣ی هەتاوییەوە) ئەم ڕۆژەی وەکوو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کردوە، چونکە هەر ئەو هێزە چەکدارەی لە گەڵ خەڵکی مەهاباد دا بنکەی شارەوانیی ڕێژیمی سەرکوتکەری شایەتییان چەک کرد، دوایە بوون بە بەشێک لە سوپای میللی کۆماری کوردستان‌و، ئەندامانی ئەو سوپایەش، ناوی پێشمەرگەیان لە سەر دانرا.

قادر وریا لە درێژەی باسەکەی دا ڕوونی کردەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، پارلمانی کوردستان ، ڕۆژی ١٧ی دیسامبری هەر ساڵێکی وەک ڕۆژی ڕیزگرتن لە ئالای کوردستان ناودێر کردوە. ئاڵایەک کە لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا، بۆ یەکەم جار خەڵکی کوردستان لە گەڵی ئاشنا بوون و چاویان بە دیتنی ڕوون بۆوە.

لە درێژەی ئەم سمینارەدا کۆڕگێڕ، تیشکی خستە سەر هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی پێکهاتنی جمهوریی کوردستان‌و ئاڵایەک کە ئەم دەسەڵاتە کوردییە لە ژێر سیبەرەکەی دا، دەسەڵاتدارەتیی دەکرد. دواتر ئەم ئاڵوگۆڕانەی باس کرد کە بە دوای پێکهاتنی پارلمانی کوردستان، لە ئالای کوردستان دا پیک هاتوون.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا، چووە سەر ڕۆڵ و گرنگیی ئاڵای کوردستان وەک هێمای هاوبەشی نەتەوەی کورد لە ژیانی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا.

لە کۆتایی‌دا، بەشداران ڕا و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ ڕێزگرتنی ئالای کوردستان خستە ڕوو و باسەکەیان بە بەشداریی خۆیان دەولەمەند کرد.

## نوێنەری حیزب لە هەولێر لەگەڵ کۆنسولی ئاڵمان کۆبۆوە

نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر لەگەڵ کۆنسولی ئاڵمان دانیشتن و گرینگترین باسەکانی پێوەندیدار بە پرسی کوردو حیزبی دێموکڕاتو وڵاتی ئاڵمانیان تاوتوێ کرد.

رۆژی یەکشەممە، ٢٤ی سەرماوەزی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی کۆنسۆلگەریی گشتیی کۆماری ئاڵمانی فێدراڵ لە هەولیری کردو لەلایەن «ئالفرێد سیمس پرۆتس»، سەرکونسولی ئاڵمان لە هەولێر پێشوازی لێ کرا.

لەو دیدارەدا گەلێک بابەتو تەوەری جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە پێوەندیی دوولایەنەی حیزبی دێمۆکراتو وڵاتی ئاڵمانو بە تایبەت رۆڵو جێگەو پێگەی ئەم وڵاتە لە نێوکۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی هاتە بەر باس.

### پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

**کادروپێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

**بنەماڵە بەڕێزەکانی تێکۆشەرانی پێشمەرگە!**

رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی رۆڵە ئازاو خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمان هێرشیان بردە سەر شارەوانیی مەهاباد کە دوایین ئاسەواری بنکەی زوڵم وزۆرو دام ودەزگای رێژیمی پاشایەتی لەو شارە بوو کە لەماوەیەکی کورت دا توانیان دەستی بەسەردا بگرن و بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان لەم شارە هەڵ بدەن. ئەو رابوونە شۆڕشگێڕانەیە لە دووبارەوە بۆ نەتەوەی کورد گرینگ و جێگای خوشحاڵی بوو:

یەکەم: سڕینەوەو لەنێوبردنی دام ودەزگایەکی سەرکوتکەری حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی و نەمانی بنکەی زوڵم وزۆر، کە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوە چەوساوەکەمان بوو.

دووهەم: ئەو ئەزموون و رووداوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی رۆڵە دڵسۆزو فیداکارو بە ئەمەگەکانی نەتەوەکەمان بەدوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە شێوەو شکلی سپای میللی دا کارو باری پارێزگاری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ببنە باسکی بە هێزی گەل و ئەرتەشی حکوومەتی کۆماری کوردستان کە لە دووی رێبەندانی هەمان ساڵ، لەشاری مەهاباد پێکهات.

دوا بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەر بەسەر خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو رێژیمەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە مان ومەوجوودییەتی نەتەوەکەی و بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتەوە گۆڕەپانو لەو رێگایەدا تا ئەمڕۆکە، بەسەدان وهەزاران داستانی پڕلەسەروەری و ئازایەتی، فیداکاری ولەخۆبردوویی تۆمار کردوە کە لە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێنەوەو دەمێننەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی گرنگیی مەفهوومی سیاسیی رووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لە لایەکو بە لەبەر چاوگرتنی رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی نوێی خەباتدا، ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بڕیاری دا کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز بەرۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ، بۆیە لەوکاتەوە هەموو ساڵێک جێژنی بۆ دەگرینو بیرەوەرییەکەی زیندوو رادەگرین. لەراستیدا پێشمەرگە گیانبەختکەری رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە، ئەو ئینسانە بەرزو تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە رێی رزگاری دا بیکاتە قوربانی، کەسێکە کە خەبات بۆ رزگاریی وڵاتەکەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی بەئەستۆوەیە.

هەرلەوکاتەدا کە شانازی بەخەباتو تیکۆشانو خۆڕاگریو قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتیو بەتایبەت هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین، لەهەمان کاتیشدا پێویستە زیاتر سەرنج بدەینە رابردووی خەباتمانو بۆ نەهیشتنی خاڵە لاوازەکان و بۆ بەهێز کردنی خاڵە باش وبەهێزەکانمان تێبکۆشین. دەبێ خۆمان گورج وگۆڵ وهەڵسوورتر بکەین، پێویستە پێشمەرگەکانمان زیاتر فێر بکەینو وابکەین لە ئاموزشی بەردەوام دابن بۆ ئەوەی زیاتر ئامادەییان بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەکان هەبێ هەم بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پێلانەکانی دوژمن، هەم بۆ ئەو ئەرکەی کە لە داهاتوو دەکەوێتە سەرشانیان، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە تاکتیکو بەرنامەی کاروخەباتماندا بکەینو بە پێی ئاڵوگۆڕو هەلومەرجی رووداوەکان بەرنامە دابرێژین.

پێشمەرگەکانی کوردستان ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی رۆژی پیرۆزی پێشمەرگە دەکەنەوە کە هێشتا خۆری ئازادیی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەهاتووە ئێران بەگشتی ورۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەروا لە ژێر سێبەری رەشی کۆماری ئیسلامیدا ژیانی کۆڵەمەرگی تێپەر دەکەن. دەسەڵاتدارانی دڵڕەش بۆ چاو ترسێن کردنی رۆلەکانی کوردستان لە هیچ پیلانێک خۆیان نەپاراستووەو ناپارێزن. رایەڵکەی سیخوڕیو جاسووسی لە کوردستانو تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە هۆی کەسانی نەفسنەزم پەرە پێ دەداو لاوەکان بەرەو ئیعتیادو لارێ رادەکێشن. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە چەند مانگی رابردوودا هەوڵیان داوە بۆ دامرکانەوەی بێزاریی خەڵک و هێشتنەوەی رێژیمەکەیان، زیاتر بە قسە و کەمتر بە کردەوە سیمایەکی دیکە لەم رێژیمە نیشان بدەن. نزیکەی شەش مانگ لە هەڵبژاردنی رووحانی بە سەرۆک کۆماری ئێران تێپەڕیوە بەڵام هێشتا کەمترین ئاسەواری جێبەجێبوونی بەڵێنیەکانی رووحانی لەکاتی تەبلیغاتی هەڵبژاردن لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانو کەمایەتییەکاندا دەرنەکەوتوەو ناوبراو نایهەوێ بەلێنیەکانی جێبەجێ بکا. یان ئەگەر بشیهەوێ جێبەجێیان بکا تواناو دەسەڵاتی ئەوەی نیە.

ئاڵوگۆرەکانی چەند مانگی رابردوو لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی بانێکو دووهەوای گرتۆتە پێش. لەسیاسەتی دەرەوەدا وا نیشان دەدا کە پێ بەپێی کۆمەڵگای جیهانی هەنگاو دەنێ و ئامادەیی خۆی بۆ رێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لەسەر کێشەی ناوەکی نیشان داوە. کە دیارە ئەو دانیشتنانەو بەئاکام گەیشتنی سەرەتاییان، بە بێ ئاگاداریو رەزامەندیی خامەنەیی نەبووە. ئەوە بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە ئێران لەباروۆخێکی زۆر خراپی ئابووری دایە. بەڵام لە ناوخۆی وڵاتدا سیاسەتەکانی پێشووی هەروا بەردەوامن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ توندتر لەپێشوو بەرێوە دەچێ. نموونەکەی ئێعدامی لاوانی کوردو بەلووچ و عەرەبە. ئەمەش رەخنەو بێزاریی زۆری لێ بەرز بۆتەوە. ئەم رێژیمە پێی وایە کە بە کوشتنی لاوانی کورد دەتوانێ خەباتی رەوای کورد بێ دەنگ بکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی رۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بەرامبەر بەو ئێعدامانە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوەو سەلماندی کە زیندان، ئیعدام، دەربەدەری وکوشتن ومالّ وێرانی.... ناتوانێ چۆک بە خەباتکاران دادا.

لەسەردەمی دوو ریژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دا، حیزبی دیموکرات رێکخەرو رێبەری خەباتێکی پڕ لە قوربانیدان بووە. ئەم حیزبە لەداهاتووشدا تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرحەقەکانی نەتەوەی کورد لە هەر هەلومەرجێکدا خەباتی رەوای خۆی درێژە دەداو تا ئامانجی شەهیدان کە بریتیە لە دیاریکردنی مافی چارەنووس وەدی نەیە، خۆڕاگریو بەربەرەکانی لەکوردستان دژی دیکتاتۆری و ژێردەستی بەردەوام دەبێ. دوای ئەو هەمووە ساڵە لە سەرکوت و پیلانگێڕی دژی بزووتنەوەی کوردستان، کۆماری ئیسلامی هێشتا بە ئاواتی خۆی کە دەستهەڵگرتنی خەڵکی کوردستان لە مافەکانیان و پشتیوانیی حیزبی دیموکڕاتە، نەگەیشتوە. بۆیە وەک رابردوو بە چاوێکی ئەمنییەتی سەیری کوردستان دەکا و بە هۆی زاڵکردنی رێوشوێن و کەشوهەوای ئەمنییەتی لە کوردستان حکوومەت دەکا. بەڵام ئەمنییەتێک کە بناغەکەی لەسەر سەرکوتو جینایەت دامەزرابێ، لەرزۆکە و وەک زۆر جار دیومانە بە هۆی نافەرمانیی خەڵک وخەباتی تێکۆشەران و ئازادیخوازان درزی تێ دەکەوێ. ئەم ئەمنییەتە درۆیینە نابێ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەخەباتو هێنانە گۆڕی ویست و داخوازەکانیان سارد بکاتەوە. پێویستە لە هەموو دەرفەتێکی لەبار بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و خستنە رووی داواکانیان کەڵک وەرگرن. ئەگەرچی پێشمەرگە زۆرترین رۆڵی لە خەبات دژی ئەو رێژیمەدا هەبووەو بە شانازییەوە ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردوە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بەم مانایە نیە کە لە مەیداندابوون و خەباتکردن بە تەنیا هەر لەسەر شانی پێشمەرگەیە. خەبات بۆ ئازادیو تێکۆشان لەدژی سەرەڕۆیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەرە. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیویستە لە هەموو کات زیاتر پاڵ وێک بدەن و ئازایانە بێنە مەیدانو رۆڵو دەوری خۆیان ببینن. خەباتو بەربەرەکانی شێوەو رێگای جۆراوجۆری هەیە. هەرکەس بە پێی هەلومەرج و بە گوێرەی وەزع و ئەرکی خۆی دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی لەخەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا بەشدار بێ، دیارە چاوەڕوانی لە لاوەکان لەهەموو کەس زیاترە.

**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان رێز لە فیداکاریو جوامێریی ئێوە دەگرن. لە نێو نەتەوەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان ناوی پێشمەرگە، سوکنابیدەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زوڵم وناعەدالەتیی دەسەڵاتدارانی زۆردار دەناڵێنن. ئێمە لەم بیرەوەرییە مێژووییەدا هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە لە ئێوەو لەهەموو تێکۆشەرانی رێگای ئازادیی کوردستان دەکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی سیاسی– نیزامی**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی**

درێژەی:

## شەمێکی‌تر بۆ سەر کێکی لە دایکبوونی د.قاسملووی نەمر

بەڵام بە پێچەوانەی زۆر کەسایەتیو تێکۆشەری دیکەی کورد و ئێرانی، پرسی نەتەوەیی لە پێناوی بایەخدان بە بیروباوەڕە چەپەکەی ، پشتگوێ نەخست. هەر وەک گرنگیدانی بە بزووتنەوەی نەتەوەییو پرسی نەتەوەکانی لە وڵاتێکی وەک ئێران دا، لە سەر حیسابی پشتکردن لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو پێویستیی دابینبوونی ژیانێکی شیاو بۆ چینە زەحمەتکێشەکان نەبوو. ئەوەندە ناسیۆنالیست بوو کە وەک رێبەری یەک لە گەورەترین بزووتنەوە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست،نوێنەرایەتیی نەتەوە بندەستەکەی لەکۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان دا دەکرد. بەڵام هەر لەو کاتە دا ئەنترناسیۆنالیست بوو، ڕوانینی جیهانییانەی هەبوو و لە پرسە جیهانی ونێودەوڵەتییەکاندا، پشتیوان، هاوکار و یاریدەدەری فکری و سیاسیی بزووتنەوەکانی دنیا بوو.

***

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆر کوردی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، بە تەوهین بە خۆیانی دەزانن کە پێیان بوترێ «ئێرانی». بەڵام د.قاسملوو بە دەنگی بەرز، ڕەخنەی لەوە دەگرت کە خۆی و گەلەکەی، لە وڵاتی ئێراندا وەک هاووڵاتیی پلە دوو سەیر دەکرێن.»ئێرانیبوون« لە قامووسی ئەو ڕێبەرە دا، پێشمەرجێکی بنەڕەتیی هەبوو کە کە داننانی دەسەڵاتو هاونیشتمانان بە بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران داو بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیان بوو. لە گەڵ ئەوەی زۆر حیزبو ڕێکخراو و کەسایەتیی ئێرانی، هەر سەبارەت بەم خۆبەئێرانیزانینە دۆست و لایەنگری د.قاسملوو و حیزبەکەی بوون، هیچ کات نەیدەشاردەوە کە نەک دابینبوونی مافی نەتەوەیی بۆ کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە دا، بەڵکوو کەوتنەوە سەریەکی هەموو پارچەکانی کوردستانو پێکهێنانێکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مافی بێ‌ئەملاو ئەو لای نەتەوەی کوردە.

قاسملوو، بوونی پێوەندیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی کوردستان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە، بە سەرنجدان بە سروشتی سیاسیی کوردستان، بە شتێکی پێویست دەزانی. بەڵام پێکهێنانی پیوەندی لە گەڵ دەوڵەتێکی دراوسێ لە سەر حیسابی دژایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە، بە بەزاندنی هێڵی سوور، بەخەیانەت دادەنا. ئەو کاتەی لە ئێران، ڕێژیمێکی تازە هاتبووە سەرکار، دەرفەتێک هاتبووە پێش بۆ ئەوەی ویستی لە مێژینەی گەلی کورد، بە ڕێگای دیالۆگ ولێک تێگەیشتنوبەشداری لە هەڵبژاردنەکانو ناردنی نوێنەر بۆ مەجلیسو هتد جێبەجێ ببێ. د.قاسملوو وەک ڕێبەری سەرەکیترین هێزی کوردی هاندەری بەکارهێنانی هەموو ئەو ڕێگایانە بوو، بەڵام دەشیزانی کە نابێ هەموو هێلکەکان بخرێنە قەرتاڵەی خۆشبینیو ساویلکەییەوە. هەر بۆیە مەترسیی هێرشی دەولەتی ناوەندی بۆ سەر کوردستان لە دوای خۆگرتن و جێپێقایمکردنی، لەبەر چاو بوو و حیزبەکەی ڕاسپاردبوو بۆ ڕۆژێکی ئەوتۆ، لانیکەمی ئامادەیی هەبێ. لە گەرمەی شەڕی پێشمەرگەو دەوڵەتی ناوەندییش دا، چاوەڕوانی کرانەوەی دەرووەیەک بۆ ئاشتیو ڕێککەوتنو، دابینبوونی مافەکانی گەلی کورد بە ڕێگای وتوویژەوە، بوو.



ئەمە گەورەترین هونەری د.قاسملوو بوو کە توانیبووی بە قازانجی حیزبەکەیو بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، پردێک لە نێوان جۆراوجۆرییەکانو جیاوازییەکان، تەنانەت لە نێوان ناتەباییەکان‌دا، هەڵبەستێ. جۆراوجۆریو جیاوازیی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەشەکانی دیکەی کوردستان، کوردستان و ئێران، ناسیۆنالیزم و ئەنترناسیۆنالیزم، چەپبوون و دیموکراتبوون، ئاشتیخوازبوونو بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە، دوێنێ و ئەمڕۆ وچەندین نموونەی دیکە کە هەر کامیان بۆ خۆیان باسێکی تایبەت هەڵ دەگرن.

***

**پیرۆزبایی هەشتاوسێهەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی د.قاسملوو لە هۆگرانی ئەم کەسایەتییە و بیرو بۆچوونەکانی ، دەکەم. بە هیوای ئەو ڕۆژەی، لە کوردستانی ئازاد دا، یادی لە دایکبوونی دەکەین بە جێژن.**

## بەڕیوەچوونی شەوئاهەنگێک بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری ئۆرێبرۆی

رۆژی شەممە، ٧ی دێسامبری ٢٠١٣ بە ئامادە بوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی سوئێدی- کوردیو، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، رێورەسمێک بۆ یادی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە شار ئۆرێبرۆی وڵاتی سوئێد بەرێوەچوو. لەو رێورەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە سۆئێد لەلایەن کەریم بابەکری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری ئۆرێبروو خوێندرایەوە.

شایانی باسە ئەو رێورەسمە بە شاییو هەڵپەرکێی بەشدارانو لە نێو کۆڕی شادیو خۆشیی ئامادەبووان درێژەی پێ درا.

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری «لینشۆپینگ»ی سوئید



لە شاری «لینشۆپینگ»ی سوئید لە رێورەسمێکدا کە بەبۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز گیرا، ڕێز لە یادو بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستان نرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٣ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رێورەسمێکی رێزلێنان لەم رۆژە لەلایەن کوردانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگەوە بەرێوەچوو.

لەو رێورەسمەدا پەیامی کومیتەی حیزب لە سوئێدو کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان خوێندرانەوە. پاشان کۆمەڵێک تێکۆشەری دێرینی حیزبی بیرەوەری خۆیان لە خەباتی پێشمەرگایەتی‌دا گێڕایەوە.

شایانی باسە کە دوایین بەشی رێورەسمەکە بۆ بەشی هونەری تەرخان کرابوو کە کۆڕی بەشدارانو جێژنەکەیان تا درەنگانێکی شەو ڕازاندەوە.

ئەو نەسلە وەزیفەیەتی ئاوڕێک لە ڕابردوو بداتەوە، وەزیفەیەتی لە خۆی بپرسێ بۆ هەزاران پێشمەرگە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ بۆ دەیان کادری ڕێبەریی ئەو حیزبە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟

با ئێمە مەجال نەدەین کۆماری ئیسلامی کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کێشەی ئوستانی ئیلام، ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ پێناسە بکا.

**خالید عەزیزی:**

# میللەتێک بە مێژوو و کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا، ناتوانێ لە موقابیل بەرامبەرەکەیدا بە ئیستقامەت و بە ئیقتدارەوە عەمەل بکا

## دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەدا




**هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات! بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان! بنەماڵەی پێشمەرگەکان! کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە، ئەو ڕۆژەی کە یەکەمین جار لە شاری مەهاباد، شارەوانی حکوومەتی پاشایەتی گیراو کورد دەسەڵاتی خۆی لەوێ بە هەڵکردنی ئاڵا سابیت کردو جێخست، پیرۆزبابییتان لێدەکەم. لە کۆمار بەولاوە بە تایبەت لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانو باشووری کوردستان کاتێک قسە لە خەباتو شۆڕشو فیداکاری کراوە، کاتێک قسە لە جێخستنی هەوڵدان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانمان کراوە، هەمیشە نێوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ. بە خۆشییەوە نێوی پێشمەرگە وەک کەسایەتی مێژوویی ئەو نەتەوەیە، بیروباوەڕی پێشمەرگە، هەوڵو تێکۆشانو خۆ قوربانیکردن لە پێناو جێخستنی مافەکانمان لانیکەم لەو دوو پارچەیەی کوردستان نەهادینە بووە. ئەوە یەکێک لە دەسکەوتەکانی جووڵانەوەی ئێمەیە کە ئەو نێوەی کە لە کۆماری کوردستان، بە ئیفتحاراتی پێشەوا قازی محەممەدو دەمودەزگای حیزبی دێموکرات دامەزرا، ئێمە ئارەزوومان دەکرد ئەو نێوە کە بیرۆکەیەکی مێژووییە، مانادارە، کەسایەتیی تایبەتی خەباتکارێکی کوردی پێ پێناسە کراوە، لە باکووری کوردستانو لە ڕۆژئاوای کوردستانیش جێ کەوتبایە. ئێستاش هیوادارین کورد لەو دوو پارچەیە درەنگ نەبووە بۆ جێخستنی هەرچی باشتری کەسایەتی ڕابردووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان، نێوی پێشمەرگە کە تایبەتی بە کوردە، تایبەتی بە خەباتکاری کوردە، بۆتە بەشێک لە هوییەت و کەسایەتی ئێمە، دیسان لەوێش هەر جێ بکەوێ.

ڕەنگە لە یەکەمین هەڵسەنگاندا ئێمە کە پێشمەرگە، بە ژنو بە پیاو لەو لیباسە خاکییەدا بینیومانە، چەک لە شان لە خەباتو تێکۆشانی نیزامیدا، لە دژی دوژمنانی نەتەوەی کورد خەباتی کردووە، پێناسە بکەین. لە مێژوودا زۆر نەتەوە هەبوون، لە پێناسەی زاهیری بۆ تێکۆشەرانی خۆیان لیباسی تایبەتییان بووەو ئەو لیباسەش بە خۆشییەوە ئەو پێناسەیە دەکا. بەڵام بۆ ئێمە گرنگتر ئەوەیە ئەوەی ئەو لیباسەی دەبەر کردووە، ئەوەی ئەو نێوەی هەیە بە نێوی پێشمەرگە، خاوەنی چیە؟ پێشمەرگەی کوردستان یان پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، کە وارسی بنەماکانی کۆماری کوردستان و دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانە، پێشمەرگەی بیروباوەڕێکە. پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لەپێناو جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان دایە، پێشمەرگەی خەباتو تێکۆشان لەپێناو سابیت کردنی کەسایەتی کورد دایە، پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئەوە دایە بە دەسەڵاتداران لەنێوخۆی ئێران بە کۆماری ئیسلامی بڵێ تا کورد بە مافەکانی نەگەیشتووە، خەبات بەردەوامەو ئیدامەی هەیەو کوردستان پێشمەرگە لێنابڕێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە نایهەوێ میللەتەکەی لە ئێران لەلایەن دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەحقیر بکرێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە لە سەردەمێکدا ئەو خەباتی کردووە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسیو مافەکانی خۆی و بە حەق بیروباوەڕی ئەو لە دونیادا ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە دایە و ژمارەی دیکتاتۆر و ئیستبدادەکانی کەم دەبنەوە و ژمارەی دێموکراتەکان و حکوومەتەکانی وەڵامدەر زیاد دەبن، حەقیەتی بڵێ گەشبینم، خۆشبینم، بەرامبەر بە داهاتووی خۆم و خەباتەکەی خۆم. بۆیە جێگای خۆیەتی لەو ڕۆژەدا کە ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، ڕۆژێک کە ٢٩ ساڵ پێش ئەمڕۆ، بە ئیحترامی شێست و هەشت ساڵ پێش ئێستا، حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژەی بە نێوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناساند.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!** لە کاتێکدا ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی، لە ئاڵوگۆڕ دایە. بە خۆشییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی ئیسبدادو دیکتاتۆرەکان کەمتر دەبێتەوەو ئێمە دڵنیاین و هیوادارین لە ئێرانیش ئەو ئاڵوگۆڕە بە مروری زەمان بەرەو ئەوە بچێ کە دەسەڵاتی خەڵک بتوانێ کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ناتوانێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانیان نەداتەوە یان لە ئیدامەی خۆیدا دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی هەڵپێچێو ئەو ڕێژیمە لەناو بەرێ.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ جیاواز لە مەیدانی خەباتی ڕۆژانە لە دژی ئەو میللەتە دیسان تێبکۆشێ بە لەحازی ڕەوانی وەزعییەتێک دروست بکا بە هەموو جۆرێک بەرگری لە وەحدەتی نەتەوەیی ئێمە بکا، بەرگری لەوە بکات کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە کوردستانی ئێران ویستو داخوازییەکانی خۆمان کاریان لەسەر بکەن و بیانهێنینە گۆڕێ.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەند کێشە بەرەورووییەو پێمان وایە لە هەمووی ئەوانە گرنگتر کێشەی کۆمەڵانی خەڵکە لەگەڵ خۆی. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە کێشەی ئەتۆمییەوە هەیە، لەو باوەڕەداین هەرچەند ئەو کێشەیە ڕاستەوخۆ پێوەندییەکی زۆری بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نیە، ئەو کێشەیە لە دەستووری کاری خەباتی ڕۆژانەی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی زۆر جێنەکەوتووە. زۆرتر کێشەیەکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی سازی کردووە و دەیهێنێ و دەیبا و پاشەکشەی پێدەکا و بە مروری زەمان وەک کارتی گەمە بازی پێدەکا، بەڵام دیسانەکە فشارێکە لەسەر کۆماری ئیسلامی. هەر لەو پەیوەندییەدا فشاری تەحریمەکان لە سەر ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشێیەک بێ. بەو شناختەی کە ئێمە لەو ڕێژیمە هەمانە، بەو دەلیلە کە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی ڕاست ناکا، بەو دەلیلە کە بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانی خەڵک نەداتەوە، بە هەمان شێوەش لەوە دەگەڕێ لەو فورسەتانە کەڵک وەرگرێ لەگەڵ دنیای دەرەوەش هەر ئاوا تەعامول بکا. ئێمە لە حیزبی دێموکرات پێمان خۆشە ئەو کێشەیە چارەسەر بێ نەک لەبەر ئەوەی کە ئەسپابی نەجاتی جمهوری ئیسلامی دەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە مەوزوعاتی ڕۆژانەی خەڵک لە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ژیان، بێکاری، گیروگرفتی ڕۆژانەی خەڵک، ئەو نەهامەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە خەڵکی ئێران هەیەیانە، ئەوانە زۆرتر بێنە پێشێو لە دنیادا ببێ بە مەوزوع و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەوە خۆ مەشغوڵ بکەن و کۆماری ئیسلامی چی دیکە دنیای دەرەوە و دەوروبەر و نێوەخۆی وەڵات بە کێشەی ئەتۆمی سەرگەرم و مەشغوڵ نەکا. بۆیە چارەسەربوونی ئەو کێشەیە بە هەر شێوەیەک بێ لە دەستووری کاری دنیای دەرەوە بێتەدەرێو لە مەوزوعی میدیا و ڕەسانەهای گرووهی دنیای دەرەوە بێتەدەرێ، لەو ناحیەوە کۆمەک دەکا بە تەرحی مەسەلەکە. بۆیە ئێمە پێمان وایە چارەسەری ئەو کێشەیە بەینی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرێ، دەنا چارەسەری کێشەی سەرەکی کە مەسەلەی مافە، ئازادییە، دێموکراسییە، خەڵک ویست و داخوازییان هەیە ئەوە هەر لە جێگەی خۆی دەبێ.

تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە هەڵبژاردنو حکومەتی زیاتر لە سەد ڕۆژی ڕوحانیەوە هەیە، ئێمە ناکەوینە نێو ئەو لێکدانەوەیە، ئایا رووحانی پیاوی چاکە یان خراپە، خاتەمی پیاوی چاکە یان خراپە، ئەو لە ئەحمەدی نژاد باشترە یان یەکی دیکە لەوی باشترە. مەعیار بۆ ئێمە ئەوەیە هەرکام لەوانە چەندە وەڵامدەرن بەرامبەر بە مافو داواکانی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە قەزاوەت دەکەین. پێمان وایە لە هەمووی ئەو فورسەتانەی دێتە گۆڕێ بە جۆرێک لە کۆمەڵگەی ئێران باسو کێشە و ڕاوێژ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تەنانەت ڕەقابەت بەینی لایەنە جۆراوجۆرەکان دێتە پێشێ، ئێمەی کورد نابێ لێی بێتەفاوەت بین. بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەبێ کەڵکی لێوەربگرین، حیزبی دێموکرات تەشویقی ئەو جۆرە سیاسەتەی کردووە.

ئێمە پێمان وایە خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانی خۆمان لەنێوخۆی وڵاتە. پێمان وایە لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە تاران دێنە گۆڕێو لە ماوەی سی و چوار ساڵی ڕابردوودا، رەئیس جمهورو نخست وەزیرو کاربەدەستی جۆراوجۆر تاقی کراونەتەوە، هیچ شتێک لە هەوڵ و تێکۆشانو ئیدامەی خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانمان کەم ناکاتەوە. بۆیە ئەو سێناریۆیە ئەرک دەخاتە سەر ئێمە وەک حیزبی دێمەکرات، ئەرک دەخاتە سەر ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئێمە لە هەمووی گرنگتر ئەرک دەخاتە سەر تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئوستانەکانی کوردستان لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو وەزعە بکەن. ئێمە پێمان وایە باشترین حالەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەنێوخۆی خۆماندا پێناسەیەکی باشترو دەقیقترو ئەوڕۆیی لە کێشەکانی خۆمان بکەین. ئێمە پێمان وایە یەکێک لەو عامیلانەی کە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە دژی ئێمە، پرۆژەی نیزامی، ئەمنییەتی خۆیو پرۆژەی تەحقیرکردنی ئێمە بەرێتە پێشێ. وە بە شێوازی جۆراوجۆر قەول بدەن و وەعدە بدەن و ئینتزارات دروست بکەن، بەڵام وەڵامیان نەدەنەوە، ئەوەیە کە ئێمە لە نێوخۆی وڵات، نەمانتوانیوە بە یەکڕیزی، بە بەرنامە، بە یەکگرتوویی، بە هەڵسەنگاندێکی زۆر و ئەوڕۆیی زۆرترینی کۆمەڵانی خەڵک بێنینە ئەو مەیدانە و کۆماری ئیسلامی ڕوبەڕووی ئەو خەڵکە بێتەوە. ئێمە دەبێ بەرەو ئەوە بڕۆین ئەو پێناسەیەی کە کۆماری ئیسلامی لە کێشەی کوردی دەکا، کێشەی کورد بە کێشەی حیزبی دێموکرات و چەند حیزبی دیکە پێناسە دەکا، لە بەین بەرین. نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، مێژووی خەباتو قوربانی حیزبی دێموکرات، ئیفتخاراتی حیزبی دێموکرات هەمووی سەرمایەن بۆ ئەو میللەتە، بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکە لەگەڵ ئەو میللەتە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانو بە هەموو زاراوەکان کە هەیەتی. ئەوە بە چی دەکرێ، بەوە دەکرێ کە لەنێوخۆی وڵات هەر تاکێکی کورد بۆ خۆی ئەرک و وەزیفە بۆ خۆی دابنێ.

پێم خۆشە لێرەدا لەگەڵ نەسڵی تازە کە تەمەنی لە دەوری بیست ساڵ کەمتر و زۆرترە، ڕەنگە لە نزیکەوە لەگەڵ پێشمەرگەی دێموکرات و پێشمەرگەکانی دیکەی کوردستان لە شارو گوندەکان کوردستان، کەمتر ئاشنا بن و ڕۆژانە لە فەعالییەتی ڕۆژانەدا نەیانبینیبێ، قسە بکەم. قسەی من ڕوو بەو نەسلە ئەوەیە ئێوە نەسلێکن ڕەنگە خەباتو تێکۆشانو فەعالییەتی ئێمە لە ڕێبەران پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیو هەزاران پێشمەرگەی فیداکاری ئەو حیزبە بۆ ئێوە بەشێک لە بێ مێژوو، بەڵام مێژوویەکی دەوڵەمەند، مێژوویەکی پڕ ئیفتیخار. میللەتێک بە مێژووی خۆی ئیفتیخار نەکا، بە کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا، بە ڕابردووی خۆی ئیفتخار نەکا، ناتوانێ لە موقابیل بەرامبەرەکەیدا بە ئیستقامەت و بە ئیقتدارەوە عەمەل بکا. بۆیە ئەو نەسلە وەزیفەیەتی ئاوڕێک لە ڕابردوو بداتەوە، وەزیفەیەتی لە خۆی بپرسێ بۆ هەزاران پێشمەرگە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ بۆ دەیان کادری ڕێبەریی ئەو حیزبە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، خوێندەواری تێدابوو، کارگەری تێدابوو، ژنی تێدابوو، دەوڵەمەندی تێدابوو، فەقیری تێدابوو، خەڵکی پێگەیشتووی تێدا بوو. ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید بوون، لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو نەتەوەیە و جێخستنی مافەکانیاندا شەهید بوون. با ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین ئەرک بۆ خۆمان دابنێین لەنێوخۆی وڵات.

ڕەنگە لە سەردەمێکدا کە من باسی وەحدەت و یەکگرتوویی لەنێوخۆی وڵات دەکەم، ئەو گلەییە لە ئێمە و لە حیزبی دێموکرات بکرێ و ڕووبەڕوومان بێتەوە کە لەجێگەی خۆی دایە، باشە ئێمە چمان کردووە بۆ ئەوەی وەحدەتو یەکڕیزی لەنێو ڕیزەکانی کورددا لەگۆڕێ دابێ. زۆر بە ڕاشکاوی بە سەڕاحەتەوە ئێمە لە کۆمیتە مەرکەزی حیزبی دێموکراتو دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە تەواوی ئەو ماوەدا هەوڵو تێکۆشانمان ئەوە بووە کە کۆمەک بکەین یەکڕیزیو یەکگرتوویی لەنێو ئەحزابی کوردستانی ئێراندا بە هێز بێو پێمان وایە تا ڕۆژێک ئەوە نەبێ، ئەوە نەیەتە گۆڕێو عەمەلی نەبێ، ڕەنگە بەشێکی زۆر لە پرۆژە نەتەوەییەکانی خۆمان وا بە ڕاحەتی نەتوانین جێبەجێ بکەین. بۆیە ئەگەر ئێمە لێرە بە هەر دەلیلێک لەو مەیدانەدا زۆر نەچووینەتە پێشێ، ئێوە لەنێوخۆی وڵات لەگەل شتی ڕۆژانەی عەمەلی سەروکارتان هەیە، وەحدەتو یەکگرتوویی ئێوە زۆر کۆمەک دەکا. وجوودی ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر، زاراوەی جۆراوجۆر، تنوعاتی جوغرافیایی بۆ نەتەوەیەک، لە هەمان کاتدا کە سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئەو نەتەوەیە، نابێ ببێ بە مانیعی یەکگرتوویی. لە سەردەمی پاشایەتیدا لە هەمان کاتدا کە هەوڵیان دەدا ڕادیۆو تەلەویزیۆنو ڕەسانەهای گرووهی بە زمانێکی واحیدی فارسی لە ئێران جێ بخەنو هەموو کەس بەو زمانە پەروەردە بکەنو لەهجە جۆراوجۆرەکانی فارسی لەپێناو زمانە یەکگرتووە فارسییەکە لەبەین بەرن. تەوسیەی حکومەتی پاشایەتی ئەوە کە لە مەناتقی ئوستانەکانی کوردستان بە زاراوەی جۆراوجۆر ڕادیۆ بۆ کوردەکان دابنرێ. بە زاراوەی کرمانجی بگرە هەتا موکریانیو کەلهوڕو جاف و هەتا مەمنتقەی کرماشان. ڕەنگە بە دوای خۆیدا زاراوەی هەورامیشیان هێنابا گۆڕێ. پرۆژەیەک بوو بە تەشویقو تەقوییەتی زاراوەی جۆراوجۆر لە کوردستانی ئێران لەسەر دەستورولعەمەلێک لەلایەن کاربەردەستانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆئەوە بوو کە نەهێڵن زمانێکی یەکگرتووی کوردی لەنێو تنوعاتی کوردی کە بەردی بناغەی دروستکردنی میللەتێکە، شکڵ بگرێ. لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئێراندا ئەوەیان دەکردو بە ڕادیۆو تەلەویزیۆنەکەیان زمانێکی واحیدی فارسییان دروست کرد. فارسەکان بە لەهجەی جۆراوجۆر کە لەوسەر ئەوسەری ئێران لێک حاڵی نەدەبوون، بەو زمانە بۆ خۆیان میللەتێکیان دروست کرد. بۆیە جێگای خۆیەتی ئێمە لانیکەم ئەوەی کاتی خۆی لە دژی ئێمە بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی خۆیانی پێبکەن بە میللەت، ئێستاش نەچووە، ئێمە دەتوانین بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بینو ئەو تنوعاتە بکەین بە سەرمایەیەک بۆ ئەوەیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک میللەتێکی واحید تەعامول بکەین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. با ئێمە مەجال نەدەین کۆماری ئیسلامی کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کێشەی ئوستانی ئیلام، ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ پێناسە بکا. با مەجالی پێنەدەین خوێندنەوەی کۆماری ئیسلامی لە چارەسەری کێشەی ئەقەلییەتەکان بەو جۆرەی کە بۆخۆیان دەڵێن بکەوێتە



**کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە تینووی ئازادی و ئامادەی خەبات و فیداکاری هەیە، بەڵام جیاوازیی روانگە و مەرامە سیاسییەکان و یەکنەبوونی گوتار و کردارمان و لەوەش خراپتر زاڵبوونی ئەقڵییەتی رکابەری، پەرش و بڵاوی و بە فیڕۆچوونی تواناکانی لێدەکەوێتەوە و لە ئاکامدا بچووکی و سنووردارbوونی بەرهەم و دەسکەوتەکان هەستی سستی و داماوی و بێ هیوایی لە ئەوەی نوێشدا دروست دەکا.**

# لەپێناو مێکانیزمێکی هاوبەشی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان



ئاسۆی حەسەن زادە

شەپۆلی ئەم دواییانەی ئێعدامی رۆڵەکانی رۆژهەڵات هەموو نیشتمانپەروەرێکی ئەو پارچەیەی کوردستانی نوقمی خەم کرد. هەر لەو کاتەدا، هەموو ئەو کەسانەی خەم دایگرتن و هەموو ئەو لایەنانەی بۆ ماف و ئازادییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێ دەکۆشن، لە خۆیانیان پرسی کە ئەو دۆخە لە سەرکوت و دڕندەیی دەسەڵاتی ئێران و خەمساردی و پەرش و بڵاویی ئازادیخوازانی ئەو پارچەیەی نیشتمان تا کەی بەردەوام دەبێ؟

شەهیدانی پاییزی رابردووی رۆژهەڵات (چ ئەوانەی چەک بەدەست جەستەیان لەنێو چیا و دۆڵەکان و لەژێر ئاسمانی کوردستاندا کەوتە سەر عەرز و چ ئەوانەی لە کاتی گیرانیاندا تەنیا کتێبیان پێ بوون و لەنێو زیندانەکان و لە تاریکیدا لە سێدارە دران)، شەهیدی یەک رێگان کە رێگای رزگاریی کوردستان و ئازادی و بەختیاریی مرۆڤی کوردە. سەرنجراکێشە لەحاڵێکدا بۆخۆمان هەمیشە لەدەستمان دێ لەنێوان بەستێنی مەدەنی و بەستێنی شۆڕشگێڕیدا یا لەنێوان لایەنەکانی نێو هەمان بەستێندا جیاکاری و دڕدۆنگی دروست بکەین، کەچی دژمن هەردووکی ئەم بەستێنانە و هەموو لایەنەکان بە چاوێک سەیر دەکا و زۆر جار تۆڵەی یەکێکیان لەوەی تریان دەکاتەوە. وەک چۆن کۆماری ئیسلامی لە سەرکوت و چەوساندنەوەی کوردەکاندا هەڵاواردن ناکا، کۆمەڵگای سیاسیی ئێمەش لە رۆژهەڵات بە هەموو بەستێن و لایەنەکانییەوە دەبێ سەرجەم رووبەری ئەو یارییە سەختە سیاسییەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەیکا، بەسەریەکەوە چاو لێ بکا و خۆی لە هەمووی بە بەرپرسیار بزانێ.

کەمترین شت کە لەپێوەندی لەگەڵ کورد بە گشتی و کوردی رۆژهەڵات لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەتایبەتی دەبێ دانی پێدا بنێین، نەبوونی یەکگرتوویی و لاوازیی ڕوانگە و جووڵەی وەکیەک و هاوبەشە. میللەتێک لە خەباتی خۆی بۆ ئازادی و دێموکڕاسیدا دەتوانێ هەر سەردەمەی گرینگی بداتە بوار و شێوەیەک لە خەبات و هەر جارەی کەناڵ و ئامرازێک بەکار ببا و تەنانەت بە کاردابەشکردنێکی دروست و بە هەماهەنگییەوە، دەکرێ لە هەمان سەردەمدا پەنا بۆ تاکتیک و مێتۆدی جیاواز بەڵام تەواوکەری یەکتریش بەرێ. بەڵام ناکرێ لە هەمان سەردەمدا هەر بەشە لەو میللەتە بە رێگایەکدا بڕوا و هەر بەشەش ئەو رێگایە بە شێوازی جیاوازی خۆی ببڕێ، بەبێ ئەوەی سەرجەم رەفتاری سیاسیی رۆڵەکانی ئەو میللەتە پەیڕەوی لە فۆرموولێک بکا کە لەڕووی ستراتیژییەوە یەکانگیر بێ.

کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە تینووی ئازادی و ئامادەی خەبات و فیداکاری هەیە، بەڵام جیاوازیی روانگە و مەرامە سیاسییەکان و یەکنەبوونی گوتار و کردارمان و لەوەش خراپتر زاڵبوونی ئەقڵییەتی رکابەری، پەرش و بڵاوی و بە فیرۆچوونی تواناکانی لێدەکەوێتەوە و لە ئاکامدا بچووکی و سنوورداربوونی بەرهەم و دەسکەوتەکان هەستی سستی و داماوی و بێ هیوایی لە ئەوەی نوێشدا دروست دەکا.

پرسی یەکگرتوونەبوونی بژاردە سیاسییەکان بەتایبەتی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کێشەی هەرە گەورەی چەندین ساڵەی ئێمەیە کە وەختیەتی هەموو لایەکمان پێکەوە بە سینگ فراوانی و ئازایەتییەوە بیری لێ بکەینەوە و مشوورێکی چارەنووسسازی لێ بخۆین و بەتایبەتی مێکانیزمێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی سەرباری هەموو ناکۆکی و یەکترقبووڵ نەکردنەکان، روانگە و ئاقار و شێوازی خەبات بۆ هەمان سەردەم وەکیەک یا لانیکەم هەماهەنگ بکەین.

قسە لەوە نیە کە هەر ئەمڕۆ بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شکڵێکی نەهادیدا یەکدەست و یەکگرتوو بکرێ. قسە لەوەیە تا گەیشتن بەو ئامانجە چۆن دەکرێ هەموو لایەک یارمەتیدەر بن هەتا وزە و تواناکان وەها بەسەر یەکەوە رێک بخرێن کە هەموو پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگای ئازادیخوازی رۆژهەڵات هاوکات بە یەک ئاقاردا هەنگاو بنێن و بەمجۆرە رۆژهەڵاتییەکان، بەدەر لە دابەشبوونە سیاسییە نێوخۆییەکانیان، لە کرماشان و ئیلام و سنە و مەهاباد و ورمێ بن یا لە تاران و قەزوین و خوراسان، لە قەندیل و لەنێو ناخی باشووری کوردستان بن یا لە پاریس و ستۆکهۆڵم و واشنگتۆن، هەموویان هاوکات و پێکەوە و بۆ یەک مەبەست لە مەیداندا بن. رێگاچارە لەوەدا نیە کە پێمان وابێ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری یا بایەخدان بە خەباتی مەدەنی بە خودی خۆی دەتوانێ شتێک لە دۆخەکە بگۆڕێ. رێگا چارە ئەوەیە کە هەرچی دەکەین و بوار و بابەتی خەبات و تێکۆشانی رۆژمان هەرچییەک بێ، هەموومان پێکەوە کاری بۆ بکەین و هەموو هێز و پۆتانسیەلی خۆمان و ئەو توێژانەی نێو کۆمەڵگا کە درێژکراوەی خۆمانن یان لەگەڵیان لەپێوەندیداین، بخەینە خزمەتیەوە.

ئەگەر بمانەوێ لە قۆناغی ئێستادا هێزی گەل بەچەشنێک رێک بخەین و یەک بخەین کە هۆشیارییەکی کارا و مەیدانداری کۆمەڵگای رۆژهەڵات و دیاسپۆرا دروست ببێ و وەها چالاک بێ کە سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای مەسەلەی کورد لە ئێران رابکێشێ و لەسەر کۆماری ئیسلامییش وەها ببێتە فشار کە ئەو رێژیمە لانیکەم وا بە ئاسانی نەتوانێ گیانی لاوانی کورد بستێنێ، پێویستە وەک دەسپێک لە فکری ئەو مێکانیزمانەی کاری هاوبەشدا بین کە بەسەر کۆسپە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا پاز دەدەن و یارمەتیش بە رەوینەوە و سووانی لەمپەرە زاتییەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە دەکەن.





بۆ ئەو مەبەستە پێویستە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵات، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵات کار دەکەن و چ ئەوانەی لە دەرەوەی ئێرانن، چ ئەوانەی هەموو شتێک لە حیزبدا کورت دەکەنەوە و چ ئەوانەی شانازی بە حیزبی نەبوونی خۆیانەوە دەکەن، پێکەوە و بەسەریەکەوە بزوتنەوەیەکی بەربەرین و هەمەلاگیری داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد وەڕێ بخەن کە وەک فۆرۆمێکی هاوبەش و چەترێکی رێکخراوەیی قالبێکی نەهادی بەڵام ناحیزبییش بەخۆیەوە بگرێ.

کە دەڵێین ناحیزبی ئەمە بەو مانایە نیە کە گەورە ئامرازێکی لەو چەشنە بۆی نەبێ کاری سیاسی بکا. بەپێچەوانەوە، دروست وایە سادەترین و ئێزۆلەترین کەیسەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێک بە رەهەندە راستەقینەکەی دۆخی کوردستان کە رەهەندی سیاسی و مێژوویی مەسەلەکەیە گرێ بدرێتەوە هەتا بەم چەشنە هەم مەسەلەی کورد وەک خۆی بە غەیرە کوردەکانی ئێران بناسێندرێ، هەم گەلەکەمان لە دەروونی خۆیدا باشتر دوورەدیمەنی هەنگاونان و خۆنیشاندانی نەتەوەیی خۆی لە بێژینگ بدا. کە دەڵێین ناحیزبی ئەوە هەروەها بەمانای بەکەمگرتنی رۆڵی حیزبەکان نیە. زۆر بەپێچەوانەوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمەدا حیزبەکان یەکەمین و کاریگەرترین ئامرازی بزواندن و رێکخستنی هێزی نێو کۆمەڵگان. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو بەربەست و مەترسییەکانی سەر رێگای کاری سیاسی لە نێوخۆی وڵات و هەروەها ناکۆکییە نێوخۆییەکانی بژاردە و لایەنە سیاسییەکانمان، لەو بوارەدا و بۆ قۆناغی ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئامرازێکی یەکگرتووی جوڵاندن و یەکخستنی هێزی جەماوەر هەیە کە مۆرکی هیچ لایەن و تەنانەت هیچ بەستێنێکی لێ نەدرێ، بەڵام هەموو بەستێن و لایەنەکان یەکدەنگ و هەماهەنگ پشتی بگرن و بۆ هەرچەشنە هەوڵ و هەنگاو و ئاکسیۆنێک چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات هەموو لایەنەکان تەواوی زەرفییەت و دەرەتانەکانی خۆیانی، لە هێزی فکری و ئینسانییەوە بگرە تا توانای ماددی و تۆڕی پێوەندییەکان، بخەنە پێناو و هەرچی لە هێز و کاریگەری هەیانە بیرژێننە نێو شاڵاوی ئەو هێزە کوردییە رۆژهەڵاتییەی سەرتاسەری جیهان.

با نە هیچ کەس و لایەنێک بەتەنیا خۆی لە کار و بیرێکی لەم چەشنە نەکاتە خاوەن و نە هیچ کەس و لایەنێکیش لە ترسی ئەوە کە بۆخۆی تێیدا دەسپێشخەر نەبووە، لێی نەسڵەمێتەوە. با رێگە بدەین بژاردە سیاسی و مەدەنییە چالاکەکانی هەموو بەستێنەکان و هەموو لایەنەکان، هەر هەموویان، بەبێ جیاوازی، بە پەسند و پشتگیریی رێکخراوە پێوەندیدارەکانیان، بەرەو یەکتر بێن و کاردروستایی دارشتنی نەخشەرێگا و پێکهێنانی ئالیەتەکانی ئەو گەورە ئامرازەی رێکخستنی هێزی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵات لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا و بە هاناوە هێنانی بیروڕای نێونەتەوەیی بۆ لای دۆخی کوردەکانی ئێران بکەن. ئەوە کەمترین شتێکە کە دەبێ هەر ئێستا بیکەین.

---

**درێژەی:**

## قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ٢٦ی سەرماوەزدا

نێو خانەی بودجە بۆ ئەو ئوستانە و ئەو ئوستانە و شەش نوێنەری ئەم ئوستان یان لەگەڵ دە نوێنەری ئەو ئوستان بە شێوەی جیاوازو ئوستانی بچن کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن کە بە بەرنامە دەیهەوێ کێشەی نەتەوایەتی ئێمە دابەش بکا بەسەر کێشەی ئوستانەکان. هەوڵدان بۆ ئەوەیکە ئەندامانی مەجلیس، نوێنەرانی ئوستانەکان هەموو تێکۆشانێکیان ئەوە بێ بودجەی زۆرتر بێتە ئەو ئوستانانە، ئەو ئوستانانە بێ موشکیلەبن. ئەرکێکی ڕەوایەو وەزیفەی نوێنەرایەتیی خۆیان بەجێ دەگەێنن. بەڵام ئەرکی گرنگتر ئەوەیە هەمووی ئەوانەو هەموو فەعالینی سیاسی و تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنیو چالاکوانانی سیاسی لە بیری ئەوەدا بن کە بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بن، بە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ یەکتر، بە کۆماری ئیسلامی لە تاران بڵێن لەگەڵ کێشەی یەک نەتەوە ڕووبەڕوویە نەک لەگەڵ کێشەی تنوعات. بە کۆماری ئیسلامی و ئەو کەسانەی نایانەوێ کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک عەمەل بکا، بڵێن کێشەی کوردستان بە ئوستانی کوردستان بەو جۆرەی کە ئەوان نێوی دێنن، پێناسە ناکرێ. هەمووی ئەوانە عەمەلییەو دەکرێ بە شەرتێک لە نێوخۆی وڵات یەکگرتوویی هەبێ. کۆماری ئیسلامی ستراتیژییەکەی ئەوەیە لە نێوخۆی وڵات وەحدەت و یەکڕیزی ئێوە بشێوێنێ، بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵک لە گیانی یەکتر بەردا، تەقوییەت و تەشویقی ئەوە بکا لەسەر یەکتر شت بگوترێ.

بۆ جارێکی دیکەش ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە دەرکی ئەو واقعییەتەو تەجروبەی سیو چوار ساڵە لە کۆماری ئیسلامی داوامان لە ئێوە فەعالینی سیاسیو خەباتکارەکانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی مەدەنی ئەوەیە تێبکۆشن بە بەرنامەوە لە دەوری یەک کۆبنەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا وەلەو کەمیش بێ، شتەکانی خۆتان بێننە گۆڕێ، کاری سازمانی بکەن، خۆتان ڕێک بخەن و پەیامێک بدەن بە کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵدا ئێمە وەک نەتەوەیەک کێشەمان لەگەڵی هەیە.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکرات! هەر تاکێکی تێکۆشەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

پێم خۆشە هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانی ئیلام، لە ئوستانی کرماشان، لە ئوستانی سنە، لە ئوستانی ورمێ، لە تاران لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان ئەو پرسیارە لە خۆی بکا بڵێ: پێشەوا قازی محەممەد کەسێک جێکەوتوو، قابیلی ئیحترام لەنێو کۆمەڵانی خەڵک، دەوڵەمەند، خوێندەوار، تێگەیشتوو، هیچی کەم نەبوو بەڵام لەپێناو میللەتەکەیدا ئیعدامی قبووڵ کرد. دوکتۆر قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندەیو دەیان کادرو هەزاران پێشمەرگە لەو بوارەدا هیچیان کەم نەبوو. ژیان و خوێندن و مڵکو کارو دەوڵەمەندی بەجێیان هێشت تەنانەت لە ماڵو منداڵو ئازیزانی خۆیان مایە داناو خۆیان فیدا کرد. پێم خۆشە ئێوە لە خۆتان پرسیار بکەن تاکی کورد لەنێو خۆی وڵات لەگەڵ خۆتان قسە بکەن ئێوە بۆ میللەکەتان چ دەکەن. هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکدا کە هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ مافەکانی خۆی پتر جێبخا، لە باکووری کوردستان وتوێژەو مەزاکرە بەرەو ئەوە دەچێ کێشەکە چارەسەر بکا، لە ڕۆژئاوای کوردستان هەر بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕێگا حەللێک جێ بکەوێ. ئێمە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوردستانی ئێران لە خۆمان بپرسین ئاوا یەک دەقە لەگەڵ خۆمان دابنیشین بڵێین ئێمە بۆ میللەتەکەی خۆمان چمان کردووە؟ ئەگەر تاک تاکی ئێمە کە دادەنیشین ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئەوە بخەینە نێو خەڵک، تەعەهوداتی میللیو نەتەوایەتی بە قووەت بکەین، دڵنیام میلیۆنان دەنگ خڕ دەبێتەوە وە دڵنیام کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چیدیکە کێشەی کورد نادیدە بگرێ، بە کێشەیەکی ئەمنییەتی پێناسە بکا، لە پەراوێزی بخاو بەو میلیۆنها دەنگانە لە دەرەوەی کوردستانیش کۆمەڵگەی ئێران لە عەزەمەتو گەورەییو ویست و داخوازییەکانی ئێمە تێدەگاو ناتوانێ ئەئاوا نادیدەی بگرێ. داوایەکی زۆر نیە، داوای من ئەوە نیە بڵێم ئێوە هەستن وەرن لێرە ببن بە پێشمەرگەو لیباسی پێشمەرگایەتی دەبەر بکەن، ئەگەر ڕۆژێک ئەوە بێتە گۆڕێو بەدوای ئەوەدا بڕۆین، دەبێ هەموومان بیکەینو ئێوەش بیکەن. داوایەکی زۆر کەمە، بەڵام ئەو داوا کەمە کە هەر تاکێکی کورد لە نێوخۆی وڵات لەخۆی بپرسێ من چم بۆ میللەتەکەم کردووە، ئەوانە کە کردوویانە، دڵنیام ئەو دەنگانە زۆر بە قووەت دەبن و ئێمە پێکەوە دەتوانن ئاستی قەزیەی خۆمان بەرینە سەتحێکی سەرەوە.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش لەهەموو ئێوە پیرۆزبایی دەکەم، وە دڵنیام و گەشبینم بە کاری هەموو لایەکمان بە وەحدەتو یەکڕیزی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران ئێمە بە مافەکانی خۆمان دەگەین، بەڵام کاری دەوێ، حەوسەلەی دەوێ، زەمانی دەوێ. هەتا ئێمە هەبین و هەتا نەتەوەی کورد هەبێ، هەتا پێشمەرگە هەبێ خەباتو تێکۆشانی ئێمە بەردەوامە بۆ جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆماری ئیسلامی درەنگ یان زوو ناتوانێ ئەوە نادیدە بگرێ. هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٢
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٢١ی دێسامبری٢٠١٣
نەتەوەیی

**ئەگەر باسی ئەمڕۆی پێشمەرگە بکەین دەبینین کە هەم ئەرکی پێشمەرگە، هەم مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەم تەنانەت پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. ئێستا ئیدی دروست نیە پێناسەی پێشمەرگە هەر لە تێکۆشەری چەکداری کورددا بەرتەسک بکەینەوە**

**وەک دەزانین پێشمەرگە بە واتای مرۆڤی خۆبەختکەرە، بە تایبەتی خۆبەختکردنێک کە لە ڕێگای گەل و نەتەوە و نیشتمان بێت. ئەگەر ئەم واتایەمان قبووڵ بێت، ئەو کات بە لامانەوە گرنگ نابی کە مرۆڤە خۆبەختکەرەکە لە چیا دەژی یا لە نێو شار؟ قەڵەمی پێیە یا چەک؟ تێکۆشەری سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرە، یا چالاکێکی مەدەنیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پارێزەری ژینگە؟**

# پێشمەرگە، دوێنێ‌و ئەمڕۆ

ئەوە کە نەیارانی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە کوردیان بە نەتەوەیەکی ئاشقەچەکو تەنانەت ئاشقەشەڕ ناو بردوە فڕی بەسەر ڕاستی‌یەوە نەبووەو نیە. بەپێچەوانە، کورد هەمیشە میللەتێکی لاشەڕو ئاشتی‌خواز بووە. بەڵام هەرلەوکاتەدا ئەم میللەتە ئاشق‌و سەوداسەری ئازادی بووە. لەبەر ئەوەش کە زەوتکەرانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد وەڵامی هەر داوایەکی ماف‌خوازانەی ئەم گەلەیان بە ئاگرو ئاسن داوەتەوە، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ناچار بوون هەوڵ بدەن چەک بەدەست بێنن‌و هەرکات پێویست بێ وەڵامی دوژمن بە زمانی خۆی بدەنەوەو چەکدارانە دیفاع لە خۆیان بکەن.

تێکۆشەری چەکداری کورد لە سەردەمە جیاجیاکانی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی نەتەوەیی‌دا ناوی جۆراوجۆری لەسەر دانراوە. جارێک بە «شەڕکەر»، وەختێک بە «لەشکری»و سەردەمانێک بە «تفەنگچی»و هتد ناو براوە. هەتا لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستان‌دا ناوی جوان‌و پڕشانازی‌و هەستبزوێنی «پێشمەرگە«ی لەسەر دانرا. دەزانین کە ئەو هێزە چەکدارە کوردەش کە لە کۆماری کوردستان‌دا ناوی «پێشمەرگە«ی لەسەر دانرا، پێشتر بە سوپای میللی ناو دەبرا.

ئەگەرچی ڕۆڵەی بەبیروباوەڕی کورد لە هەموو دەورو زەمانێک‌دا ئازایەتی‌و قارەمانەتیی لەخۆی نیشان داوە، بەڵام زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین دانانی ناوی «پێشمەرگە« لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد بۆخۆی هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ فیداکاری‌نواندن. ئاخر ناوی پێشمەرگە بەرزترین مانای لەخۆبووردوویی دەبەخشێ. پێشمەرگە یانی ئەوکەسەی مەرگی خۆی ڕەپێش مەرگی هاوخوێنەکانی دەخا. هەر بۆیە دەبینین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی کورتی کۆماردا چەندین حەماسەی وەک شەڕی مەحمەشەو شەڕی جاتراوێ‌و شەڕی مەکلاوێ‌و...ی تۆمار کردوەو ناوی پڕشانازیی وەک خۆشەوی خەلیل‌و کوێخا مەحموودی قووڵەسوێروێ‌و حەمە سیاوەمەیی‌و زۆری دیکەی بۆ بەجێ هێشتووین.

دەورانی دیسان کورتی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧یش مەیدانێکی بەرین بوو بۆ ئازایەتی‌نواندن‌و حەماسەخوڵقاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. هەرئەوانەی لەو سەردەمە پڕشانازی‌یەدا ژیاون‌و لە نیزیکەوە ئاگایان لە بەرەنگاریی نابەرامبەر، بەڵام قارەمانانەی پێشمەرگەکانی دێموکڕات دەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بووە دەزانن چەکدارە پۆشتەو پەرداخەکانی ئەرتەش‌و ژاندارمری چۆنیان نەترە لەو ژمارە کەم‌و کەم‌ئیمکاناتە، بەڵام بەهەڵمەت‌و دەستوبردەی پێشمەرگەکانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چووبوو. ئەو سەردەمە زێڕینەش ناوی دەیان قارەمانی وەک مەلا مەحموودی زەنگەنە، نەحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک، مینەشەم، سەید فەتاح، ساڵح لاجانی، سمایلی شەریف‌زادە، مەلا ئاوارە، سلێمان موعینی، عەبدوڵڵا موعینی‌و مەحەممەدی ڕەسووەمەرەو موحەممەدی ئەستی‌یە مەنگوڕی بۆ بەجێ هێشتووین

کە هەتاهەتایە وەک میداڵی زێڕیرین بە بەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە دەدرەوشێنەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ ئاوڕ لە ئازایەتی‌و گیانفیدایی‌و حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە لە دوای شۆڕشی دژی‌پاشایەتیی گەلانی ئێران‌و پەلاماری لەشکریانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بدەینەوە، زمان لە بەیان‌و قەڵەم لە نووسینی یەک لە هەزاریشی دادەمێنن. لەو دەورانەدا کوردستان یەکپارچە حەماسەو خوێنە، هەر بستێک لە نیشتمانە زۆرلێکراوو پەلاماردراوەکەمان شاهیدی چەندو چەندین دیمەن لە دڕندەیی‌و جینایەتی لەشکریانی تاریکی و نەزانی لەلایەکو گیانبازی‌و بەرەنگاریی حەماسەیی ڕۆڵە پێشمەرگە بەجەرگەکانی کورد لە لایەکی دیکەیە. بۆ تێگەیشتن لە زۆرو زەوەندیی حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بەسە وەبیر بێنینەوە کاتێک لە ساڵی١٣٦٣دا، واتە تەنیا پێنج ساڵ پاش هەڵگیرسانی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە

دژی کورد، کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ویستی ڕۆژێک وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری بکا، هەرچەندی سەری خۆی هێناو برد نەی‌توانی لەنێو ئەو هەموو ڕۆژە پڕحەماسەیەی ئەم دەورەیەدا ڕۆژێک دەستنیشان بکا. هەر بۆیە بە دروستی زانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤دا بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکا کە جێگای پەسندو شانازیی هەمووان بوو.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ئەم دەورەیە نموونەیەک لە شەهیدەکانی پێشمەرگە ناو بەرین، جگە لەوەی تووشی هەڵبژادنێکی زۆر ئەستەم دەبین، دەبێ لیستێکی نەک دەیان کەسی بەڵکوو سەدان کەسی ڕیز بکەین. کەوایە هەر ئەوەندە دەڵێین کە تەنیا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم قۆناخەدا نیزیکەی بیستکەس لە ئەندامانی ڕێبەری، پتر لەچوارسەد

کەس لە فەرماندەران‌و کادرەکانی ڕیزی پێشەوەو زیاتر لە چوار هەزار پێشمەرگەی لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەی‌دا کردۆتە قوربانی. ئەمە جگە لە هەزاران شەهیدی هێزی بەرگریی میللی کە هەموویان پێشمەرگەی خۆبەخش بوون.

ئەوەی تائێرە باسمان کرد تەنیا هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لەوێش

> **چۆن دەکرێ ئەوانەی لە زیندانەکان‌دا بەگژ جەللادانی کۆنەپەرستی‌دا دەچنەوە، ئەوانەی هەموو مەترسی‌یەک لە خۆدەگرن‌و بە گوتن‌و بەنووسین بانگی ئازادیی میللەتەکەیان هەڵدەدەن، ئەو کەسانەی بەبیرو قەڵەم نەخشەڕێگای ئازادی دەکێشنەوە، ئەوانەی «بەسەری بەرزەوە دەچنە سەر دار»و بەکورتی هەر کەس بە هەر ڕێگایەکدا بەردێک دەخاتە سەر دیواری بەکەللەسەرهەڵچنراوو بەخوێن‌سواغ‌دراوی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، بە پێشمەرگە نەناسرێن.**

تەنیا هی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. جا بزانە حەماسەی پێشمەرگەو ژمارەی شەهیدی پێشمەرگە لەڕادەی سەرانسەریی کوردستان‌دا سەر لەچ ڕەقەمێکی خەیاڵی دەدا؟

ئەگەر باسی ئەمڕۆی پێشمەرگە بکەین دەبینین کە هەم ئەرکی پێشمەرگە، هەم مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەم تەنانەت پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. ئێستا ئیدی دروست نیە پێناسەی پێشمەرگە هەر لە تێکۆشەری چەکداری کورددا بەرتەسک بکەینەوە. ٣١ ساڵ پێش ئێستا ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕات لە وتارێکی خۆی‌دا بەناوی «با هەموومان پێشمەرگە بین» پێناسەی پێشمەرگەی بەربەرینتر کردەوە. لەو وتارەدا ئەو جووتیارەی جەرگی زەوی هەڵدەدەڕێ بۆ ئەوەی نانی خۆی‌و پێشمەرگەی لێ بەدەست بێنێ، ئەو کەسەی نان‌وئاوو کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ پێشمەرگە دابین دەکا، ئەوەی پێشمەرگە لە نەخشەو پیلانەکانی دوژمن ئاگادار دەکاتەوەو بەکورتی هەموو ئەوانەی نەخشێکیان لە بەرەوپێشچوونی ژیان‌و خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی کۆمەڵی کوردەواری‌دا هەیە، بە پێشمەرگە دانرابوون‌و چدانانێکی بەجێش.

بۆ ئەمڕۆ مەسەلەکە زۆر لەوەش بەولاوەترە. چۆن دەکرێ ئەوانەی لە زیندانەکان‌دا بەگژ جەللادانی کۆنەپەرستی‌دا دەچنەوە، ئەوانەی هەموو مەترسی‌یەک لە خۆدەگرن‌و بە گوتن‌و بەنووسین بانگی ئازادیی میللەتەکەیان هەڵدەدەن، ئەو کەسانەی بەبیرو قەڵەم نەخشەڕێگای ئازادی دەکێشنەوە، ئەوانەی «بەسەری بەرزەوە دەچنە سەر دار»و بەکورتی هەر کەس بە هەر ڕێگایەکدا بەردێک دەخاتە سەر دیواری بەکەللەسەرهەڵچنراوو بەخوێن‌سواغ‌دراوی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، بە پێشمەرگە نەناسرێن. بەوپێیە مەیدانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە ئێستا هەموو بووارەکانی تێکۆشانی فکری، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و هەموو شێوەیەکی بەرەنگاری دەگرێتەوەو هەربۆیەش جارێکی دیکە دەڵێینەوە «با هەموومان پێشمەرگە بین»و بەکردەوەش هەموومان پێشمەرگەین.

**ئەم دوو بابەتە لە تایبەتنامەی «کوردستان» کە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ئامادە کرابوو بۆ سایتی «کوردستان‌و کورد»، وەرگیراون**



# پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە

قادر وریا

چەمکەکانی نێو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانەی نەتەوەکەشمان وەک زۆر چەمکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، بە تێپەڕینی زەمان و ڕوودانی گۆڕانی جۆراوجۆر، ئالوگۆڕیان بە سەردا دێت. بە تێپەڕینی زەمان، بیرکردنەوەو ڕوانینی مرۆڤەکان لە بواری جۆراوجۆردا دەگۆڕێ. هەر بۆیە پێویستە زۆر چەمک، لە گەڵ گۆڕانی سەردەمەکان‌و نوێبوونەوەی بیرکردنەوەکان، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. «پێشمەرگە»، یەک لەو چەمکانەیە.

بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، پێشمەرگە، ناوێک بوو بۆ ئەو مرۆڤە خەباتکارە چەک لە شانانەی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دا، شەڕکەری شۆڕش بوون. دیارە ئەو پێناسە فرەوانتریش ببۆوە و بە شێوەیەکی گشتی هەر کەس لە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا، چەکی پێ بوایە، با کارەکەشی شەڕکردن و چوون بۆ بەرەکانی شەڕ نەبایە، مادام بە شێوەیەکی تەواو وەخت لە خزمەتی دابینکردن و ڕاپەراندنی پێویستییەکان و کاروبارەکانی خەباتێکی چەکدارانە و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە دا بوایە ، وەک پێشمەرگە ناوی دەبرا. بەم جۆرە، پێشمەرگە، واتایەکی تایبەتی و واتایەکی گشتیی هەبوو. بەڵام ئەو واتا گشتییە هەرگیز ئەوەندە فرەوان نەبۆوە کە ئەو کەسانە بگرێتەوە کە چەکیان پێ نییە و لەدەرەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشداری بزووتنەوە، بۆ ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیان و خەڵکی کوردستان، بە شیوەی دلخوازی خۆیان خەبات دەکەن و ژیان و گیانی خۆیان لەم پیوەندییە دا دەخەنە مەترسییەوە. تەنیا جاروبار و بە تەعاروف، ڕێبەران و ڕاگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان، هێندێ کەسیان لە دەرەوەی ئەو پیناسانەی سەرەوە، وەک پێشمەرگە ناو دەبرد.

بەڵام کاتی ئەوە هاتوە بۆ پێناسەیەکی بەرینتر لە پێناسەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و وەزیفی بۆ پێشمەرگە، بگەڕێین. پێناسەیەک کە لە گەڵ یەکەم واتا و واتای یەکەمینی پێشمەرگە بێتەوە. وەک دەزانین پێشمەرگە بە واتای مرۆڤی خۆبەختکەرە، بە تایبەتی خۆبەختکردنێک کە لە ڕێگای گەل و نەتەوە و نیشتمان بێت. ئەگەر ئەم واتایەمان قبووڵ بێت، ئەو کات بە لامانەوە گرنگ نابی کە مرۆڤە خۆبەختکەرەکە لە چیا دەژی یا لە نێو شار؟ قەڵەمی پێیە یا چەک؟ تێکۆشەری سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرە، یا چالاکێکی مەدەنیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پارێزەری ژینگە؟ کەسێک کە سەبارەت بە داواکردنی ماف و ئازادییەکانی هاونیشتمانانی بە شیوەیەکی ئاشتیخوازانە، لە ولاتەکەی خۆی ڕاونراوە یا کەوتۆتە بەندیخانە، چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ کەسێک کە سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم یا ئەو حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خەباتکار، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بووە؟ ئەگەر پێوەرەکانی خۆبەختکردن، مایەدانانی ئاگایانە لە ماڵ و ژیان و گیان لە پێناوی خەلک ونیشتمان و بەرژەوەندی گشتی دا بێ، ئایا جۆری ئەو ئامرازانەی خەباتیان پی دەکەین، ئەو شێوە خەباتانەی بە کاریان دێنین، جۆگرافیایەک کە دەیکەین بە شوێنی تێکۆشانمان، جیاوازی و جۆراوجۆریی ئەو بوارانەی دڵسۆزیی خۆمان بۆ نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا دەسەلمێنین،چ شتێک لە ئەسلی مەسەلەکە دەگۆڕن؟ با یەکمان لە نێو زەبر و زەنگی دەسەڵاتی دوژمنی بە خاک و زمان و کولتوور و مێژوومان، خەریکی پاراستنی ئەم توخمانەی پیناسەی نەتەوەییمان بێت، یەکێکیش لە چیا و بن بەردان بەرەنگاری هێرشی سوپایی داگیرکەران بۆ سەر نیشتمانەکەمان بێتەوە و ئەویتر لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە دیپلۆماسی و مرۆڤدۆستەکانی جیهان، هاواری زۆرلێکراویی نەتەوەکەمان بەرز بکاتەوە. کەسانێکیش بە نیازی وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی داهاتوو وشارەزایی بەدەستهێنان بۆ دانانی بناغەکانی کوردستانی رزگاربووی سبەینێ، فیری زانست و خۆپێگەیاندن بن. ئایا لەم ڕوانینەوە، هەموویان شیاو و موستەحەقی ناوی خۆشەویست و پڕشانازیی پێشمەرگە نین؟



کوردستان
ژمارە: ٦٢٢
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٢١ی دیسامبری٢٠١٣



بەرەوپێش چوونی پرسی کود لە باکوور و هاتنە ئارای کەشێکی هێمنتر لە ڕۆژهەڵات (هەرچەند زۆر جێگەی متمانەش نییە) دەتوانێ وەک کارتێکی بەزەبر بێ لە دەستی سەرکردایەتی هێزە کوردییەکان هەتا بە جێی ئەوەی لە دۆران بترسن بیر لە براوە بوون بکەنەوە.

تەهای ڕەحیمی

ماندێلاڵایەو کە نەتەنیا هەر بۆ خەڵکو وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی ئیلهام بەخشێکی حەقیقیی مێتۆد و هزری دێموکراسی و ئازادیی راستەقینەیە.

وریا ڕەحمانی

# ڕێککەوتنی ژنێڤ دەسپێکی کایەیەکی نوێی دیپلۆماسی



تەهای ڕەحیمی

جیهانی سیاسەت، گەرمەبازارێکە ئەگەر لە مامڵەو ساتوسەوداياندا لێهاتوو نەبی زووبەزوو مایەپووچ دەردەچی و قازانج سەری مایە دەخوا. لەم بازارەدا جاری وایە دوو یا چەند هاوچاوە و ڕەقیبی یەکتر بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو لە ژێرەوە دەگەڵ یەک پێک دێن و سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان پیلان بۆ تێداچوونی کەسانی دیکە دادەڕێژن. جاری وایە ئەم ڕێککەوتنە نهێنییە هیچ دۆست و ناسیاویش لە بەرچاو ناگرێو هەر کەس ئازا نەبێ دەستی بە کڵاوی خۆیەوە نەبێ با دەیباو ئەو کەوتنەی دەکەوێ هەستانەوەی ئاستەمە. لەم نێوانەداو لەم ئاڵۆزە بازارەدا هێندێک ئەکتەری قەشمەر و سەربەگوڵمەز پەیدا دەبن کە ڕەوتی پێشەڤەچوونی پرۆسەی جێگۆرکێ و ئاڵوگۆڕەکان دەشێوێنن و هەوڵ دەدەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو یاسا و ڕێساکانی ئەم بازارە تێک بدەن و بە ئاراستەو ئاقاری چاوچنووکی خۆیاندا ڕێچکەی بۆ بکەنەوە.

یەکێک لەم ئەکتەرە قەشمەرانەی نێو بازاری سیاسەتی جیهانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتە تئوکراسییەکەیەتی کە زیاتر لە سێ دەیەیە ململانێ و ڕکەبەری کۆمەڵگەی جیهانی دەکا و هەر کەسێک چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات دژی ئەم گێرەشێوێنییەی وەستابێتەوە، بە هەر جۆرێک کە هێزی پێی شکابێ، سزای داوە، جا ئەم سزایە لە ئێعدام و تیرۆر و زیندان و ماڵوێرانکردنەوە بگرە .... هەتدا خۆی بینیوەتەوە. ئەو ئەکتەرە نەناسیاو و ناباوە، هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە دەگەڵ ژێرپێنانی هەموو قانوون و پرەنسیپەکانی هەڵسوکەوت دەگەڵ مرۆڤو دەوروبەری، لە نێوخۆی وڵاتدا بووە هۆی ئازار و کوشتنو سڕینەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە جیابیر بوون وێنەی ڕوخساری کۆمەڵگەیەکی بۆ جیهان داتاشی کە قێزەونییەکەی لە باس نایە، هەروەها بە پێشێلی قانوونە نێودەوڵەتیو نێونەتەوەییەکان بۆ وێنە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێران ویستی ملهوڕی خۆی بە سەر جیهاندا بسەپێنێو بە دروشمی بریقدار، هەوڵی ڕاکێشانی هێزی زیاتری بۆ لای هێڵی هزری و فیکریی خۆی دا. بەڵام ئەم ئەکتەرە ناباو و نەئەزمێوتراوە سەرەڕای هەموو لاساریی و قەشمەرییەکانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی زۆریش دانەنوێن نەبووە، بۆ وێنە لە پێناو مان و نەمانی خۆی، هەر لە سەرەتای دەسپێکی کارە دژەمرۆیی و ناپەسندەکانییەوە ژێربەژێر و بە فتوای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە بەرگری لە بەسەرچوونی تەمەنی خۆی بکاو هەروەک وتمان ئەکتەرە جیهانییەکانی دیکەش کە لە پێناو بوونی بۆشکە نەوتێک چاوپۆشییان لە تێکچوونی قانوونی جیهانیو مرۆیی دەکەنو چاوپۆشی لە گیانی هەزارانو بگرە میلیۆنان مرۆڤ دەکەن، یارمەتیدەر بوون هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاوەڵە دیکتاتۆرەکانی بە دڵی خۆیان لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لە وڵاتەکانیاندا بە خوێن بنووسنەوەو هێڵی ڕەش بە نێوچاوانو ویژدانی ئەم قۆناخەی ژیاندا بێنن و هەزاران تاوان بکەن و مێشێکیشیان لێ‌میوان نەبێ، چونکە لەم بازارەدا بۆشکە نەوتێک بایی چاوپۆشی هەموو کردەوەکانیان بوو. زەمان هات و ڕابرد و کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو لە پێشێلکاریی و ڕکەبەری زلهێزەکانو ئاکار و ڕەفتاری ناپەسند و تیرۆر و تەقینەوە، هەتا بە شوێنێک گەیشت هەڕەشەی هێرشێ سەربازیی بۆ سەر ئەو وڵاتە بەرەو جیدیی بوون نزیک دەبۆوە. ئاڵوگۆڕی لە نەکاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، باڵانسی هێزو کێشەو ئاڕێشەکان و ڕیزبەندیو بەرەکانی تاڕادەیەک لێکهەڵبڕیو وڵاتانی جیهانو ناوچەکە بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان خەریک بلۆکبەندیو دیاریکردنو گۆڕینی هێڵی سیاسی بوونو لەم نێوەشدا شەڕی نێوخۆیی سووریە و پەلکێشانی ئەم قەیرانە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و تێچووی مرۆیی و ماڵی، ئەم لێکدانە ئاگری شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکە زیاتر کرد، تا ئەم جێیەی ئەمریکا هێزەکانی بۆ لێدانی بەشار ئەسەد بەرەو دەریای سپی نێوەڕاست ڕاگواست. کێشەی ناوکی ئێران کە حەجمینی لە زۆربەی وڵاتە دراوسێکان و بەتایبەت ئیسرائیل لە ناوچەکە و بەرەی ڕۆژاوا هەڵگرتوە، یەکێک لە هەرە ترسناکترین قەیرانەکانی ئەم قۆناخەیە. دەکرێ بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکانی زۆربەی هەرە زۆری قەیران و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەرێکیان دەچێتەوە ئێران و بە ئایدۆلۆژیاو دەسەڵاتی ئاخوندی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراون. قواستنەوەی هەموو دەرفەتو هەلێک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە پێناو کڕینی زەمان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ناوکییەکانی ڕەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانانی هێنابێتە سەر ئەو بڕیارەی کە چیدی هەوڵی خولقاندنی کێشە لە ناوچەکە نەدەنو بگرە دەگەڵ خودی کۆماری ئیسلامیش لە پێناو هێورکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە کە هەروەک وتمان زۆربەیان بە جۆرێک بە تارانەوە بەستراونەتەوە بکەونە دانوستان. چونکە ئێران لە قەیرانی سووریەدا بەپشتیوانی ڕووسیە و چین نیشانی دا کە زۆر ملهوڕترە لەوەی کە سەر بۆ بایەخە بەرزە مرۆییەکان دانوێنێو تەمەنێکە گوێی بە بڕیارنامە نێونەتەوەییو هاواری ئازادیخوازان نابزوێو بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی بەپەلەیە. هەر بۆیە بەرەی ڕۆژئاوا پێی باش بوو کە قەیرانی ناوکی ئەم وڵاتە کە بە سەرەداوی کەوتنە دیپلۆماسی دەگەڵ ئێران دێتە ئەژمار بە نێونجیگەری شازادەی عەمان لە ژێنێڤ بە جیددی تاوتوێ بکا، تا لەسەر مێزی دانوستان باشترو بە بێ تێچوویەکی گران بە شوێنێک بگا تاڕادەیەک کەشی ئاڵۆزی سیاسی ناوچەکە ئارام بکاتەوەو مەترسی شەڕێکی گەورە لەسەر ناوەندی وزەی جیهان بڕەوێنێتەوە. دەکرێ بڵێین ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان ئێرانو گرووپی ٣ کۆ ٣ خاڵێکی وەرچەرخانە لە پرۆسەی دیپلۆماسی ناوچەکەداو، بە دوای ئەم ڕێککەوتنەدا کایەی دیپلۆماسی لە ناوچەکەدا بەرەو گەرمی هەنگاوی ناو، هەر کام لە لایەنەکان خوازیاری پشک گرتنە لەم ڕێککەوتنە. تەنانەت ئیسرائیلو عەرەبستانیش کە بە توندی دژی ئەم ڕێککەوتنەن، پشکی خۆیان لەم خاڵە وەرچەرخانە گرتو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەفەر بۆ ئەو وڵاتانە ڕازمەندی بەدەست هێنانو بە وتەیەکی دیکە لەم مامڵەیەدا پشکی خۆیان پێدان. لە مامڵە سیاسییە جیهانییەکاندا کە زیاتر لە سەر دەستی زلهێزە جیهانیو ناوچەییەکان سەر دەگرێ، ئەوەی مامڵەی لەسەر دەکرێ، لایەنە کزو لاوازو بێدەسەڵاتەکانو ڕووی نەداوە لەم چەشنە ڕێککەوتنانەدا زلهێزێک زەرەمەند بێ تەنانەت ئەگەر زەرەمەندیش بووبێ ئەوە نەبووە کە بیخا، یان ئەوەی گوڕچووبڕ بێ. بەڵام هەر لە مێژووی هاوچەرخی خۆماندا لە فرۆشتنی شۆڕشەکانی باشووری کوردستانەوە هەتا دەسبەسەرکردنی ئۆجەلان و ...هتد لە بیرەوەریی زۆربەی تاکەکانی کورددا دەشڵەقێ. هەر بۆیە ئەو شتەی پاش ڕێککەوتنی ژنێڤ جێگەی مەترسییە، ڕێککەوتنی وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانە لەسەر ئەو لایەنە بێ‌هێزو پشتیوانانە کە ڕەنگە کورد یەکێک بێ لەوان. لایەنەکانو بە تایبەت ئەو ڕەوتو لایەنو نەتەوانەی ئەگەری هەیە ببنە قوربانی بە باشی لە بارودۆخەکە دەگەن هەربۆیە بە دوای واژووی ڕێککەوتنی ژنێڤدا ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەنگی بەرز بوویەوەو ڕایگەیاند نابێ گەلی سووریە تێچووی داشکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران بدا. بەڵام هەر وەک ڕوونو ئاشکرایە بە دوای ئەم ڕێککەوتنەدا بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە ڕووی لە کزی کردو تەنانەت پێدانی چەکی لە لایەن بریتانیاو ئەمریکاوە لێبڕاو ئێران بانگهێشتی کۆنفرانسی چارەسەری قەیرانی سووریە لە ژنێڤ کرا. گەشتو سەفەری بەرپرسو پایەبەرزانی وڵاتانی ناوچەکە لە دوای ڕێککەوتنی ژنێڤەوە بۆ کاری دیپلۆماسی بەڕوونی دەرخەری ئەم بابەتەیە کە شنە ڕێککەوتن ئەم مەڵبەندە داگرێ، یان نا ڕەنگە پیلانێکی شاراوەی گەورەی بەرەکان دژی یەکتر لە مەیین بێ. لەم نێوانەدا کورد گەلێ ساڵە قوربانییەو لە زۆربەی هەرە زۆری ڕێککەوتنە ناوچەییو جیهانییەکان لەم مەڵبەندەدا قوربانی بووەو زۆر جاریش زیاتری پارچە پارچە کردوە. بەڵام ئێستاو لەم بارودۆخەدا کە لە سایەی هەرێمێکی فیدراڵیو هۆشیاری نەتەوەیی لە پارچەکانو هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاوا نەک هەر دەتوانێ قوربانی نەبێ بەڵکوو هەوڵ بدا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیو لە ئاراستەی سیاسەتێکی گونجاو و لەبار پشکی خۆی لەم ڕێککەوتنە بگرێ. بەرەوپێش چوونی پرسی کود لە باکوور و هاتنە ئارای کەشێکی هێمنتر لە ڕۆژهەڵات (هەرچەند زۆر جێگەی متمانەش نییە) دەتوانێ وەک کارتێکی بەزەبر بێ لە دەستی سەرکردایەتی هێزە کوردییەکان هەتا بە جێی ئەوەی لە دۆران بترسن بیر لە براوە بوون بکەنەوە.

# ماندێللا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات



وریا ڕەحمانی

شەڕ لەپێناوی ئاشتیدا، یا باشترە ئەوە بڵێین خەبات لەپێناوی ئاشتیدا. ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ هیچ کەس وەک ماندێللا و خەباتەکەی ئەو لەجێی خۆیدا نەبێ و دوورەدیمەنێکی پراوپڕ لە حەقیقەتی دەروونیی خەباتێکی ڕەوامان بەدەستەوە نەدا. چون خەباتی ماندێللا بەواتای تایبەتیی وشە خەباتێکی ڕەوای ئینسانی و لەپێناوی دەستەبەر کردنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و ژیاندا بوو. تەنانەت ئەگەر شەڕ بە ڕەهەندە توندوتیژیو چەکدارانەکەی خۆشیەوە لێک بدەینەوە ئەوا بۆ ماندێللا واتایەکی زۆر ئینتزاعیی هەبوو و چەک دواهەمین شتێک بوو کە بیری لێ‌دەکردەوەو شەڕ دواهەمین ڕێگە چارەی بەردەمی بوو. شێوازی خەباتی ماندێللا لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێتۆدەکانی خەباتی گاندیدا بوو و ئەو ساڵانەی ژیانی گاندی لە ئافریقای باشوور کاریگەریی قووڵی لەسەر ئەندێشە و هەستی مافخوازانە و خەباتکارانەی ماندێللا دانابوو. هەر بۆیەش ئەگەرچی لە قۆناغێک لە خەبات بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینیدا، کە خەباتی چەکداری لە سەرتاسەری دنیادا برەوێکی زۆری هەبوو و وەک شێوازێکی پیرۆزی خەبات بەتایبەت لەلایەن هێزە چەپەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، مەجبوور بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خەباتی چەکدارانەش بوو بەڵام هەرگیز ئەوە لەگەڵ بنەما ئەندێشە ئاشتیخوازییەکەی ئەودا نەدەهاتەوە و وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتنو بەدەسەڵات گەیشتن سەیری نەدەکرد. بەڵکوو چەک لە خەباتی ماندێللادا ئامرازی بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدانی مەشرووع و پارێزگاری کردن بوو. گرینگ ئەوە بوو کە ماندێللا باوەڕی قووڵی بە خەباتەکەی هەبوو و ژیانیشی بۆ تەرخان کرد. ئامانجی ماندێللا تەنیا ڕزگاری لەدەست دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاپارتایدی نژادپەرستی سپی پێستی ئافریقای باشوور نەبوو بەڵکوو لەوە گرینگتر بۆ ئازادیو گەڕاندنەوەی کەرامەتی حەقیقیی خەڵکی وڵاتەکەی بە سپی و ڕەشەوە خەباتی دەکرد و پێشی گەیشت. ئەو ئیرادە پۆڵایینەی کە دەیکوت «هەرگیز باوەڕ بە گومانو هەرگیز گومان لە باوەڕەکانت مەکە» لەپێناوی سەرخستی بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی کە بۆخۆی لەوان بوو بەسەر بەشێکی دیکەی خەڵکدا خەباتی نەدەکرد بەڵکوو لەپێناوی پێکەوە ژیان و بەیەکەوە هەڵکرنی ئاشتیخوازانەی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و نەگریسی دواکەوتوودا خەباتی دەکرد و لەئاکامدا چەپکە گوڵی ئازادیشی بۆ هەموان بەخەڵات هێنا. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە بەداخەوە دەبینین کە زۆربەی کات



دەسەڵاتە خوێنخۆرو دیکتاتۆرەکان لەڕێی شۆڕشو ڕێبەرەکانیشیان وەک قارەمانانی نەتەوەیی بە دەسەڵات گەیشتوون. واتە ئەم ڕێبەرو هێزانەی کە کاتی خۆی ڕێبەرو هێزی ڕزگاریدەر و شۆڕشگێری خەڵک و وڵاتەکانی خۆیان بوون دوای بەدەسەڵات گەیشتن بە پشتیوانیی ئەو مەشرووعییەتە بەرینە جەماوەرییەی کە لەڕێی سەرکەوتنی شۆڕشدا بەدەستیان هێناوە و بەپاساوی پاراستنی شۆڕش بەداخەوە بۆخۆیان خراپترین و سەرکوتکەرترین هێزی دیکتاتۆرییان لێ‌دەردێ و لەراستیدا زۆر زوو لە زۆربەی دروشمو ئامانجە پیرۆزو ئینسانییەکانی خۆیان دوور دەکەونەوە. بەڵام ماندێللا کە ڕێبازەکەی ئینسانیو لەپێناوی ئازادیی مرۆڤایەتیدا بوو هەرگیز پشتی لە بنەما سەرەکییە پیرۆزەکانی ڕێبازەکەی نەکردو تەنانەت دوای بەدەسەڵات گەیشتنیش بەویستی خۆی لە خولێکی سەرکۆماری زیاتر لە پێگەی دەسەڵاتدا نەمایەوە و نەریتێکی جوان و دێموکراتانەی بۆ خەڵک و وڵاتەکەی بەیادگار بەجێ هێشت. ماندێللا ئەگەرچی بۆماوەی ٢٧ ساڵی ڕەبەق بە خراپترین شێوەی مومکین لە زیندانی ڕێژیمی ئاپارتایدی دژەئینسانی و دیکتاتۆری ئافریقای باشووردا مایەوە بەڵام لە دەری تۆڵەوە لەگەڵ دوژمنانی پێشووی خۆی و خەڵکەکەی نەجووڵایەوە و بەم وتە مێژووییەی کە «لەبیری ناکەین بەڵام دەبوورین» دەرسی ئینسانییەتو ئازادی خوازیی فێری خەڵکی وڵاتەکەی و هەموو مرۆڤاتیش کرد. ئەگەر ئەمرۆ ئافریقای باشوور وڵاتێکی پێشکەوتووو دێموکراتو ئازادە بەشێکی زۆری مەدیوونی ئەندێشەو شێوەی خەباتو هەڵسوکەوتی سیاسی و دەسەڵاتدارییی گەورە پیاوێکی وەک ماندێللایەو کە نەتەنیا هەر بۆ خەڵکو وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی ئیلهام بەخشێکی حەقیقیی مێتۆد و هزری دێموکراسی و ئازادیی راستەقینەیە. ئەندێشەو مێتۆدی خەبات و ژیانی ماندێللاش وەک گاندی ئاراستەیەکی «تاک بۆ گشت» واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی هەیە و دەڵێ: «ئێمە بۆوە لەدایک بووین تا گەورەیی و جوانیی ئەو خودایەی کە لە دەروونمان دایە بینوێنین و ئەوەش هەموو ئینسانەکان دەگرێتەوە». بەپێچەوانەی زۆربەی ئەندێشە باوەکانی سەردەم کە ڕیشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی گشت خوازانەیان هەیە ئەو هەرگیز پێی وانەبوو کە ئەرکو ڕیسالەتی گۆڕینی دنیای لە ئەستۆ دایەو بەڵێنی هیچ بەهەشتێکیشی جیا لەو دنیایەی کە تێیدا دەژیین بە خەڵک نەدا و نوسخەیەکی گشتیشی بۆ جیهان و مرۆڤایەتی نەپێچایەوە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک هەوڵی ئەوەی دا کە خۆی دروست بکاو لە خۆیەوە دەستی پێکرد و گەرای خۆی و ئەندێشە و ڕێبازەکەی لە نێودڵی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەیدا چاندو سەرنجی جیهانی ڕاکێشاو ئەو کاریگەرییە بێ سنوورو نادەروێستەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دانا. لە بیر و ڕێبازی ماندێللادا هەناسە حزووری هەیەو ژیان بەردەوامیی بوونە و دەڵێ «ئەگەر قەرار بێ خوێن بە خوێن بشۆرێتەوە تووشی بەدبەختییەکی ماڵ وێرانکەر دەبین، ئەوە بەمانای ملکەچی و قبوڵ کردن نییە بەڵکوو یانی هەڵکردنو لێبوردەیی، یانی لەپێناوی

ل ٩

٨
کوردستان
ژمارە: ٦٢٢
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٢١ی دێسامبری٢٠١٣

ڕووداوەکان

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە شاری قەڵادزێ

لە شەوی یەڵدا لە شاری قەڵادزێ یادی لە دایکبوونی شەهید قاسملوو کرایەوە. سەعات ٧ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان بەرنامەیەک بە بۆنەی شەوی یەڵدا لە لایەن فەرهەنگخانەو تیپی نواندنی ئەم شارەوە بە بەشداریی دەیان کەس لە بەرپرسانی ئیداریو حیزبیو چینو توێژەکانی شار بەڕێوە چوو.

لەم بەرنامەیەدا کۆمەڵێک شێعرو گۆرانیو بابەتی جۆراوجۆر لە لایەن هۆنەرمەندانو ئەدەبدۆستانی ناوچەی پشدەر و بیتوێن پێشکێش کرانو بەشێک لەم بەرنامەیە تەرخان کرابوو بۆ هەشتاو سێهەمین ساڵی لە دایکبوونی د. قاسملووی نەمر لە شەوی یەڵدادا. لەم بەشەدا وێڕای خوێندنەوەی چەند پارچە شێعر، وتەیەک لە لایەن کاک مستەفا مەعرووفی، کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کەسایەتیو تایبەتمەندییە سیاسییەکانی د. قاسملووی نەمرەو پێشکێش کرا.

# هەواڵ و رووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٣

## بە گوێرەی ئارشیوی «کوردستان و کورد»

ئامادەکردنی: مەسعود رەواندوست

**١ـ مانگی ژانویە:**

- لە سێدارەدانی ٣٢ زیندانی لە ئێران لە ماوەی ١٠ رۆژ دا
- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: ژمارەی کوژراوانی سووریە لە ٦٠ هەزار کەس تێپەڕیوە
- رەنگدانەوەی دانوستانەکانی تورکیە و ئوجالان لە راگەیەنەکانی ئەو وڵاتەدا
- هەرێمی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ دەستی کردوە بە هەناردەی نەوت
- کوژرانی ٣ ژنە چالاکی سیاسیی کورد لە پاریس
- ڕێگەپێدان بە ژنانی عەرەبستان بۆ ئەندامەتیی مەجلیسی ئەو وڵاتە
- هێرشی ئەلقاعیدە بۆسەر بنکەی «بریتیش پێترۆلیۆم» لە ئەلجەزایر
- شەڕ و پێکدادانی خەڵکی نستان و هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم
- بێ ئاکام مانەوەی دانوستانەکانی ئێران و ئاژانسی ئەتۆمی
- بەرێوەچوونی یەکەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی گەلی کورد لە بریتانیا
- دژبەرانی بەشار ئەسەد بۆ جارێکی دیکە پێک هێنانی دەوڵەتی کاتییان وەدوا خست
- ئاشکرابوونی رۆڵی جینایەتکارانەی ئێران لە سووریە
- دەست پێکردنی دەوری دووەمی سەرکۆماریی باراک ئۆباما
- هەڵگرتن لە داراییەکانی ئێران بۆ قەرەبووی بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەکەی عەڕەبستان
- ڕێکخراوی راپۆرتنێرانی بێ سنوور: ئێران لە پلەی ١٧٤ی ئازادی چاپەمەنی لە نێوان ١٧٩ وڵاتی دنیادایە

**٢ـ مانگی فێوریە:**

- ئێعدام کرانی بە نهێنیی ٤٠٠ کەس لە زیندانی وەکیل ئابادی مەشهەد لە نێوان ٤ تا ٥ مانگی رابردوودا
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا: چەک و تەقەمەنییە دەست بەسەرداگیراوەکانی ئێران لە یەمەن دەتوانی کارەساتی لێ بکەوێتەوە
- بان کی موون: نابێ رێژیمی ئێران دەرفەتی زیاتر لەوەی بدرێتێ
- ئاشکرابوونی تۆڕێکی تێرۆریستی سەر بە ئێران لە بەحرەین
- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: هەر دوو لایەنی سووریە جینایەتی جەنگییان کردوە

٣ـ مانگی مارس:

- ئەحمەد شەهید: بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بووە
- مردنی هۆگۆ چاوێز
- کورسیی سووریە لە یەکیەتی عەرەب درایە دژبەرانی بەشار ئەسەد
- گەڕانەوەی وەزیرە کوردەکانی حکومەتی عێڕاق بۆ هەرێمی کوردستان
- ئینترپول: حوکمی دەسبەسەرکرانی کاربەدەستانی ئێران هەڵناوەشێنینەوە
- نارەزایەتیی ئەمریکا لە عێڕاق سەبارەت بە ڕێگەپێدان بە چوونی فرۆکەکانی ئێران بۆ سووریە لە ئاسمانی ئەو وڵاتەوە
- ڕێککەوتنی نیزامیی کورەی باشوورو ئامریکا لەدژی ئەگەری هەرچەشنە پەلامارێکی کورەی باکوور
- گەیاندنی چەک وتەقەمەنی بۆ دژبەرانی سووریە لەلایەن عەرەبستانەوە
- کوژرانی زیاتر لە ٦ هەزار کەس لە سووریە لە مانگی مارسدا

**٤ـ مانگی ئاوریل**

- ڕاگەیاندنی رەسمیی حکومەتیی کاتیی ئۆپۆزسیۆنی سووریە
- وەرێخرانی چەند ناوەندی ئەتومیی دیکە لە ئێران
- ئۆلتیماتۆمی رۆژئاوا بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی پەروەندی ناوکیی ئێران
- هەڵوەشانەوەی گەمارۆی نەوتیی سووریە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە
- هاتنەدەرێی پ ک ک لە لیستی تێرۆری یەکیەتیی ئورووپا
- کەڵک وەرگرتنی رێژیمی سووریە لە چەکی شیمیایی
- ژمارەی پەنابەرانی سووریە گەیشتە زیاتر لە یەک میلیۆن و چوارسەد هەزار کەس
- جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران: پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لە عێڕاق «مەحاڵە»
- کاندید کردنی شێرکۆ بێکەس بۆ خەڵاتی ئاشتیی بێلژیک
- لەقاودرانی هەوڵەکانی ئێران بۆ تێکدانی پرۆسەی ئاشتی تورکیە

**٥ـ مانگی مای:**

- ڕێگەپێدان بە زمانی کوردی لە ئیدارەکانی تورکیە
- دەستپێکردنی کشانەوە هێزەکانی پ ک ک لە تورکیە
- گەڵاڵەی کۆنگرەی ئامریکا بۆ ڕاماڵینی ئێران لە بازاڕی جیهانیی نەوت
- ڕێککەوتنی تورکیەو هەرێمی کوردستاو ئێکسۆن مۆبیل بۆ دەرێنانی نەوت لە کوردستان
- رێککەوتنی حەماسو فەتح لەسەر ئاشتەوایی نیشتمانی
- رەددی سەڵاحییەتی بەربڵاوی کوردەکان لە شارەکانی نەغەدەو ورمێ
- پشتیوانیی ئامریکا لە گەڵاڵەی بەهێزکردنی ئابووریی فەلەستین




**دیمەنێک لە ناڕەزایەتی خەڵکی مەریوان دژی ئێعدام (ڕەزبەر)**

- ئامریکا گەمارۆی موبایلو کۆمپیوتێر لەسەر ئێرانی هەڵوەشاندەوە

**٦ـ مانگی ژوئەن:**

- کۆچی دوایی پییەر مۆروا، ڕێبەری سۆسیالیستی فەڕانسەیی و دۆستی دوکتور قاسملوو
- میسر پێوەندیە دیپلۆماتیکەکانی خۆی لەگەڵ سووریە پچڕاند
- ناردنی چوار هەزار کەس لە هێزەکانی سپای پاسداران بۆ سووریە
- کۆتایی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و سەرکەوتنی حەسەن رووحانی
- باراک ئۆباما: ڕێگەی دانووستان لەگەڵ ئیران ئاوەڵایە
- ژمارەی کوژراوانی سووریە لە ١٠٠ هەزار کەس تێپەڕی
- دستپێکردنی ناردنی چەکو چۆڵ لە ئەمریکاوە بۆ دژبەرانی سووری
- هەڵوەشانی گەمارۆکانی شووڕای ئەمنیەت دژی عێڕاق

**٧ـ مانگی جوولای:**

- لابردنی محەممەد مۆرسی لە سەرکۆماریی میسر بە بڕیاری ئەرتەشی ئەو وڵاتە. ئەمریکاش گوتی لابردنی مۆرسی لە دەسەڵات بە کودەتا نازانین
- ئامادە بوونی ئامریکا بۆ وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران
- نتانیاهوو: ئەگەر پێویست بکا بەبێ ئامریکاش پەلاماری ئێران دەدەین
- پێدرانی خەلاتی »ئیلاریا ئالپی» بە ژنە ڕۆژنامەنووسێکی کورد
- کوشتنی کوڵبەرانی کورد، بڕیاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پشتە
- دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنگتۆن
- کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر لەسەر داوای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- دژایەتی خامنەیی لەگەڵ بژێرەکانی رووحانی بۆ وەزارەتخانە سەرەکییەکان
- کۆچی دواییفەلەکەدین کاکەیی کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی باشووری کوردستان

**٨ ـ مانگی ئاگۆست:**

- تاران‌و لەندەن پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە
- حەسەن رووحانی بە رەسمی بوو بە سەرکۆماری ئێران
- کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس، شاعیری ناوداری کورد
- ئامادەیی دەربڕینی حەسەن رووحانی بۆ وتووێژ لەگەڵ ئامریکا
- ڕێککەوتنی ئامریکاو رووسیە لەسەر ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنفڕانسی ژنێڤ ٢
- ئەنیستیتۆی فەرهەنگیو هونەریی ئەحمەدی خانی لە ورمێ داخرا
- فەڕانسە: بەشداری هەر چەشنە کردەیەکی نیزامی لە دژی بەشار ئەسەد دەبین

**٩ـ مانگی سێپتامبر:**

- کوژرانی ٤٤ کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە کەمپی ئەشرەف
- ئامادە بوونی ناتۆ بۆ هێرشی نیزامی بەدژی سووریە
- بریتانیا بەکار هێنانی گازی سارین لە سووریەی پشتڕاست کردەوە
- وەزیری دەرەوەی ئێران کۆمەڵکوژیی جولەکەکانی مەحکوم کرد
- نەتەوە یەگرتووەکان: بەشار ئەسەد لە هەشت کۆمەڵکوژیدا بەرپرسیارە
- بەردەوامیی کوژرانی کاسبکارانی کورد
- گۆلی ورمێ بەرەو نەمان دەڕوا
- بان کی مۆن: لەهەڵەبجە مەترسیدارترین جۆری چەکی شیمیایی بەکار هێنرا
- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی کوردستان
- واشینگتۆن : داوای لە دەمێشق کردوە لیستی »وردو دەقیقی« چەکی شیمیایی بخاتەڕوو
- ئیخوانولموسلمین لە میسر قەدەغە کرا
- ڕێگری لە بەشداریی ناوەندەکانی چاپو بڵابوونەوەی کتێبی کوردی لە پیشانگای کتێبی تاران
- خولی نوێی وتووێژی ناوکی بە بەشداری جان کێری دەست پێدەکاتەوە
- یەکەمین چاوپێکەوتنی وەزیرانی دەرەوەی ئامریکا و ئێران پاش ٣٤ ساڵ
- وتووێژی تەلەفوونیی ڕووحانی و ئۆباما
- تەقینەوەیەکی تیرۆریستی لە هەولێر

١٠ـ مانگی ئۆکتوبر:

- دەسپێکی کاری پشکێنەرانی نێودەوڵەتی بۆ پووچەڵکردنەوەی چەکە شیمیاییەکانی سووریە
- هەواڵنێرانی بێ سنوور: رێژیمی ئێران بنەماڵەی رۆژنامەنووسان بە بارمتە دەگرێ
- ئەمریکا دەستخۆشی لە سووریە کرد بۆ پابەندبوونی بە بڕیاری لە نێوبردنی چەکە شیمیاییەکانی
- لە مانگی ئاگوستەوە تا ئوکتوبر کە حەسەن رووحانی بۆتە سەرکۆمار، ١٢٥ کەس ئێعدام کراون
- خەڵاتی ئەنجومەنی نووسەرانی ئەمریکا بە ڕۆئیا حەکاکیان نووسەری کتێبی بکوژانی کۆشکی فیرووزە درا
- ئەحمەد شەهید: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بەردەوامە
- حەبیبوڵڵا گوڵپەری‌پوور لە دار درا
- ئێعدامکردنی لاوێکی دیکەی کورد لە سەڵماس
- لەداردرانی ٧ زیندانیی کورد لە ورمێ‌و شیراز
- نەتەوە یەکگرتووەکان: کوژرانی ٩٧٩ کەس لە عێڕاق لەو مانگەدا

**١١ـ مانگی نوامبر:**

- ئۆلتیماتۆمی ٦٠ رۆژەی رێکخراوە یەهوودییەکان بە ئۆباما لە بەرانبەر ئێراندا
- لە دار درانی شێرکۆ مەعارفی، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد
- باڵوێزخانەی ئێران لە فەڕانسە هێرشی کرایە سەر
- ئێعدامی لاوانی کورد ناڕەزایەتیی ئاشکرای خەڵکی مەریوانی لێکەوتەوە
- بەردەوامیی کاردانەوەکان بە ئێعدامەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان
- نارەزایەتیەکان دژ بە ئێعدامی لاوانی کورد لە سەقزیش سەری هەڵدا
- یوکیا ئامانۆ: ئێستاش ناتوانین پەروەندەی ناوکیی ئێران بە ئاشتیخوازانە بزانین
- ئیمزای گرێبەستی نەوتیی نوێی نێوان کوردستان و تورکیە
- بەردبارانی بالوێزخانەی ئێران لە شاری هەولێر، لە لایەن خەڵکی توورەوە بە دژی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان
- دەسبەسەرکرانی ٨ چالاکی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حکوومەتی هەریمی کوردستانەوە.
- ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبەریی کاتی لە رۆژئاوای کوردستان
- مەحکووم کرانی تورکیە لە لایەن دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپاوە بە تاوانی بۆردومانی دوو گوندی کوردستان
- ڕێککەوتنی ئێران‌و وڵاتانی ( ١+٥) لە سەر کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە
- دەوڵەتی ئاڵمان پەرەسەندنی ئێعدامەکان لە ئێرانی مەحکووم کرد

**١٢ـ مانگی دێسامبر:**

- کوردەکانی خۆرئاوا بە ڕەسمی داوای سیستمی فیدراڵی دەکەن
- کوێربوونەوەی بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی لە دانانی پارێزگاری خۆجێیی لە کوردستان
- رایس: ئامریکا لەسەر بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤی ئێران سوورە
- کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا
- پتەوتربوونی هێزی نیزامیی ئامریکا لە ناوچە سەرەڕای ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران
- تیرۆری رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی لە کەلار.
ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی مەحکووم کرد
- چالاکێکی کوردی خوراسان سێهەمین خەڵاتی مافی مرۆڤی وەدەست هێنا
- دەست لەکارکێشانەوە نوێنەرانی پارێزگای سنە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە پشتگوێخرانی شارو ناوچەکانیان لە بودجەی ساڵی داهاتووی وڵاتدا
- پاشەکشەی سەنای ئامریکا لە سەپاندنی گەمارۆ نوێیەکان بەدژی ئێران
- ناڕوونیی چارەنووسی ٧چالاکە مەدەنییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانی محەتتەی هەولێر
- ژمارەی کوژراوانی بۆمبارانی حەلەب گەیشتە ٧٦ کەس
- ئازادکرانی دوو کەس لە چالاکە مەدەنییە گیراوەکانی رۆژهەڵات لە هەولێر

**لە سەرەتادا هەستانەوەی ناسیۆنالیزمی چین و شۆڕش و چاکسازی سەرنجی مائۆیان بۆ لای خۆیان راکێشا. ئەو پرسیارانەی کە لەمەڕ شۆڕشی ساڵی ١٩١١ی چینی لای ئەو هاتنە ئاراوە، هاندەری بوون بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی رادیکاڵ. لەو کاتەدا بارودۆخی ناوخۆی چین ئاڵۆز بوو، شۆڕشی ئۆکتۆبری روسیا سەرنجی رووناکبیران و چالاکوانانی چینی بۆ لای خۆی راکێشا بوو. مائۆ ئەو کات دژی رۆژئاواو دەستی لە رێنوێنییە کۆنفسیوسییەکان هەڵگرت و وردەوە وردە رووی کردە تیۆرییەکانی مارکس و لینین و بوو بە ئەندامی گرووپی کۆمۆنیستەکان**

# مائۆ و مائۆئیزم

ئا: مادح ئەحمەدی

## مائۆ کێ یە؟

«مائۆ تسی تۆنگ» (Mao Tse Tung) ناوی یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین کاراکتەرە سیاسییەکانی مێژووی وڵاتی چینە و بە دامەزرێنەری چینی نوێ ناسراوە. مائۆ لە مانگی دێسامبری ساڵی ١٨٩٣ لە «هۆنان» لە دایک بووە. مائۆ ئەگەرچی حەزی لە ئەدەبیات و شێعر کردوە، بەڵام هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەری کاری تێدەکەن و بەرەو سیاسەتو خەبات دژی هەڵاواردن و نادادپەروەری هانی دەدەن. لە سەرەتادا هەستانەوەی ناسیۆنالیزمی چین و شۆڕش و چاکسازی سەرنجی مائۆیان بۆ لای خۆیان راکێشا. ئەو پرسیارانەی کە لەمەڕ شۆڕشی ساڵی ١٩١١ی چینی لای ئەو هاتنە ئاراوە، هاندەری بوون بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی رادیکاڵ. لەو کاتەدا بارودۆخی ناوخۆی چین ئاڵۆز بوو، شۆڕشی ئۆکتۆبری روسیا سەرنجی رووناکبیران و چالاکوانانی چینی بۆ لای خۆی راکێشا بوو. مائۆ ئەو کات دژی رۆژئاواو دەستی لە رێنوێنییە کۆنفسیوسییەکان هەڵگرت و وردەوە وردە رووی کردە تیۆرییەکانی مارکس و لینین و بوو بە ئەندامی گرووپی کۆمۆنیستەکان.

مائۆ تا تەمەنی ٢٥ ساڵی هەر لە هۆنان مایە و نەچوو بووە دەرەوە. دوای ئەوەی پۆلی شەشەمی خوێندنی ئەکادیمی تێپەڕ کرد، درێژەی بە خوێندن دا و هەوڵی دا زمانی دیکە و کۆمەڵناسی و مێژووی چین بخوێنێ. ئەو کات هێشتا لە ژێر باندۆری رووناکبیرانی پراگماتیستی هۆناندا بوو و لەم چوار چێوەیەدا هەوڵی دەدا کار بۆ وڵاتەکەی بکا. ساڵی ١٩١٨ چووە پەکین و ئەم سەفەرە بووە هۆی دروست بوونی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە روانگەکانیدا. ژیانی پڕ بوو لە کوێرەوەریو تەنگو چەڵەمە. لە کتێبخانەی زانکۆی پەیکینیدا دەستی بەکار کرد و بەرپرسەکەی یەکێک لەو مامۆستایانە بوو کە شارەزاییەکی زۆر لە مارکسیزم دا هەبوو. لە هەمان ساڵدا گەڕایەوە بۆ هۆنانو ئیدی خۆی بە مارکسیست دەزانی. هەروەها وەک مامۆستای سەرەتایی دەستی بە وانە وتنەوە کردو لە لای ئەوەشدا لەگەڵ چەند گۆڤارێک کاری دەکرد، خەریکی رێکخستنو دامەزرانی یەکێتییە پیشەییەکان و پرۆپاگەندە کردن بۆ مارکسیزم بوو.

ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ ٥٠ کەسی دیکە حیزبی کۆمۆنیستی چین (CCP)یان دامەزراند و لێرەوە بەدوا مائۆ بە شێوەیەکی شێلگیرانە دەستی بە چالاکی کرد. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٥دا بارودۆخی سیاسی چین تووشی ئاڵۆزی و قەیران بوو، مائۆ لە هاوڕێیەکانی جیابووەوە و بۆ نوێ کردنەوە و رێکخستنەوەی هێزەکانی گەڕایەوە هۆنان. ئەمەش بە یەکێک لە هەڵەکانی مائۆ دەژمێردرێ و زۆر کەس پێیانوایە مائۆ بە گەڕانەوەی بۆ هۆنان هەلێکی زێڕینی لە دەست داوە. مائۆ لەو کاتەدا خۆی زیاتر بە تیۆری چینایەتییەوە سەرقاڵ کرد و پەرەی بەم تیۆرییەدا، هەروەها بەو پێیەی کە بەردەوام خوێندنەوەی نوێ بۆ بارودۆخی توێژی هەژار و کەم داهاتی کۆمەڵگا هەبوو و بەرگری لە مافەکانیان دەکرد خۆشی چووە ریزی ئەم چینەوە و بە کردەوە بوو بە رێبەری ئەم توێژە لە ناو هەر دوو حیزبی سەرەکی وڵاتی چین دا. بە پێی هەڵسانگاندنی خۆی بۆ بارودۆخەکە بۆی دەرکەوت کە توێژی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگا گوێڕایەڵی قسەکانی دەبن. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٢٧دا کتێبێکی بە ناوی «راپۆرتێک لەمەڕ بزووتنەوەی هەژاران لە هۆنان» بڵاو کردەوە. ئەمەش تێکچوونی پێوەندی نێوان هەر دوو حیزبی سەرەکی چینی لێ کەوتەوەو کۆمۆنیستەکان بەشێکیان هەڵاتن و چەکیان هەڵگرت و روویان لە شاخەکانی باکووری چین کرد و بەشێکیشیان مانەوە و وەک رێکخستنی نهێنی چالاکیان دەکرد. ئەوانەی کە روویان لە شاخ کرد، دابەش بوون بە سەر چەند ئۆردووگادا و خەباتی خۆیان دژی دەوڵەت دەست پێ کرد. یەکێک لەو ئۆردووگاگەلە، ئۆردووگای مائۆ لە نزیکی هۆنان بوو. وردە وردە خەباتی چینی هەژاری کۆمەڵگا دژی دەوڵەت پەرەی گرتو کەوتە سەر پێو ئەمەش بوو بە دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ. لە شانگهای پاشماوەی حیزبی کۆمۆنیست خەریکی خەبات بوونو ئەم خەباتە لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی شارە گەورەکان پەرەی پێدرا. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەری هەبوو لە پەرەگرتنی ئەم شۆڕشەدا مائۆ بوو کە ئەویش لە سێ قۆناغدا نەیتوانی بە باشی کەڵک لە دۆخەکە وەربگرێ. یەکەم کۆنترۆڵی ئەو هێزەی کە بۆ خۆی رێکی خستبوو لە دەست دا، دواتریش پلە حیزبییەکەی لە دەست چوو و پاشانیش لە حکوومەت دەسەڵاتی نەما. لە ململانێ نێوخۆیدا «چەنگ های شک» سەرکەوت و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بۆ خۆی باوەڕی پێ بوو ئەنجامی دا. لە کۆنفرانسی مێژوویی «تسیۆنی»دا لە ساڵی ١٩٣٥دا مائۆ لە وتارێکدا هۆکاری کەموکۆڕییەکانی خستە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە داکۆکیان لە وەرگرتنی پشتیوانیو یارمەتی لە روسیا دەکرد. بۆیە لە ئاکامدا مائۆ توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ. دوای ئەمە سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیست وردە وردە یەکی گرتەوەو لە ساڵی ١٩٣٧دا شەڕی نێوان چینو ژاپۆن دەستی پێکرد. ئەم شەڕە وەک قووڵترین شەڕی چین تا ئەمڕۆ ناسراوەو لەو شەڕدا خەڵکی چین یەکپارچە دژی ژاپۆن وەستانەوە. لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکە کێشەو ململانێ ناوخۆی لە چین دا دروست بووەوەو ساڵی ١٩٣٩ زیاتر پەرەی گرتو دەرکەوت. لە ساڵی ١٩٤٠ حیزبی کۆمۆنیست زیاتر بەرەوە لای نەتەوەیی بوون رۆیشتو بەو بۆنەوە کە روسیا لەگەڵ هیتلێر لە شەڕدا بوو و کاریگەریگەریی لەسەر رووداوەکانی نێو چینو کەشوهەوای هزری ئەوێ کەم بووەوەو حیزبی کۆمۆنیست تا رادەیەک سەربەخۆ بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ مائۆ پلانەکانی خۆی پێش خستو لە ساڵی ١٩٤٥دا یاسای بنەڕەتیی (قانون اساسی) دارِشت. بە پێی پلانەکانی مائۆ حیزبی کۆمۆنیست چووە پێشەوە و لە ساڵی ١٩٤٩دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بۆیەش هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و پلانێکی پێنج ساڵەی پێشکەش کرد و لە لای ئەوەشدا ئاراستەی بە شۆڕشێکی کولتووری دەدا. مائۆ لە ساڵی ١٩٦٦ شۆڕشی کولتووری چینی بەرپا کرد کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە (جیانگ چین) سەرۆکایەتی دەکرا. ئەم شۆڕە بە گەورەترین و قووڵترین ململانێ دەسەڵات لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا لە قەڵەم دەدرێ. مائۆ لە ساڵی ١٩٦٨دا بوو بە خاوەن ئازناوی سەرکەوتووترین پیاوی چین.

مائۆ لە دەیەی ٧٠ی سەدەی رابردوودا زۆربەی پلان و بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ کرد و هێشتاش هەر لە دەسەڵاتدا بوو. بە هۆی کاری زۆرەوە تووشی نەخۆشی «پارکینسۆن» هات و لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٧٦دا کۆچی دوایی کرد.

## مائۆئیزم چییە؟

مائۆئیزم (Maoism) واتە ئەو تێگەیشتنەی کە «مائۆ تسی تۆنگ» لەمەڕ ستراتیژی شەڕیی شۆڕش و مارکسیزم ـ لینینیزم و هەروەها چۆنیەتی گونجاندنی مارکسیزم ـ لینینیزم لەگەڵ بارودۆخی چین دا هەیبوو. یەکێک لەو شتە سەرەکییانەی کە مائۆ و کۆمۆنیستەکانی چین لە کۆمۆنیستەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوان ناوەندی خەباتیان لە شارەکانەوە بۆ گوندەکان گواستەوە و هەروەها بە پێچەوانەی وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە خەباتی کۆمۆنیستی لە دەستی کرێکارانی شارنشین‌دا بوو، ئەمجارە لە چین و بە سەرکرایەتی مائۆ جووتیارانی گوندنشین خەباتەکەیان بە دەستەوە گرت. واتە ئەگەر لە وڵاتانی دیکە خەبات، خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیستی شارنشین بوو، ئەوا لە چین خەبات، خەباتی جووتیارانی کۆمۆنیستی گوندنشین بوو. ئەمەش هەم جیاوازییەو هەم وەک خاڵێکیش دەستنیشان دەکرێ کە کۆمۆنیستەکانی چین بە شۆڕشی کۆمۆنیستییان زیاد کردوە. بۆیە شۆڕش لە وڵاتی چین بوو بە شۆڕشێکی پارتیزانی و مائۆ سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەی کردو لە ساڵی ١٩٤٩دا سەرکەوت و سوپاکەی مائۆ کە سوپایەکی جووتیاری بوو یەکە یەکە لە هەمان ساڵدا شارەکانیان گرت. لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆدا مائۆئیزم کۆمەڵێک گۆڕانکاری کرد کە لەو سەردەمەدا هەموویان جۆرێک لە تازەگەریی بوون لە وڵاتی چین دا. ئەم گۆڕانکارییانەش چەند مەبەستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای نەریتی چین لە پشت بوو. گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەش دەتوانین ئاماژە بە چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ و زەوی و کۆکردنەوەی جووتیاران و هەروەها بەرنامەی «وەرسووڕانی گەورە بەرەو پێش» و «شۆڕشی کولتووری» بکەین.

بەو جۆرەی کە لینینیزم بە مارکسیزمدا دەچێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێ و لەوێ دا «پرۆلتاریای پیشەیی» لاوازە، کەڵک وەرگرۆتن لە هێزی شۆڕشی جووتیاران (پرۆلتاریای جووتیاری) وەک بازوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی مائۆئیزم، بە جۆرێک دیسان پێداچوونەوەیە بە مارکسیزم ـ لینینیزم دا. بە کار هێنانی پرۆلتاریای جووتیاران وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ ئەو وڵاتانەی کە تیاندا پرۆلتاریای پیشەیی لاواز بوو، هێزە ئەکتیڤەکەی لە لایەن جووتیارانەوە دابین دەکرا. لەم رووەوە مائۆئیزم خۆی وەک مێتۆدێکی شۆڕشگێڕانە، باشتر و گونجاوتر لە شۆڕشی روسیا بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم دەزانێ. بۆیەش لە بنەڕەتدا لە ناو سێ ئوردووگای «ئیمپریالیزم، سوسیال ئیمپریالیزم و جیهانی سێیەم» خۆی وەک چەکی شۆڕشی دەستی نەتەوە بندەستو هەژارەکان لە بەرامبەر دوو جەمسەری بەهێزدا دەزانی. گرنگی شێوازی خەباتی مائۆ تسی تۆنگ لەوەدایە کە بە جێ جێبەجێ کردنی بریارەکانی کۆمینترن، (کە شۆڕشی روسیا و سیاسەتی دەرەوە روسیای دەگەیاندە هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانو دەبوا پەیڕەویان لێ کردبایە) بە پێی ئەوەی پشتی بە پرۆلتاریای جووتیاران بەستبوو و هێزەکەی لە ناو جووتیارانەوە هەڵقوڵابوو هەر لە سەرەتاوە، واتە لە ساڵی ١٩٢٥ـەوە گوێ بە ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەت نەدا و ئەو باڵانەی کە لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئینتیمایان بەرەو لای مۆسکۆ هەبوو خرانە پەراوێزەوەو لە لایەن مائۆ و لایەنگرانییەوە وەلا نران. ئەم رووبەڕوو بوونەوەو ململانێیە وەک شەڕی نێوان چین و سۆڤیەت دادەنرا. ئەم شەڕە شاراوەیە لەگەڵ مۆسکۆ لە کاتی شۆڕش دا و هەروەها جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی ستالین، دوای ئەوەی مائۆ بە دەسەڵات گەیشت بووە هۆی شەڕی ئاشکرای نێوان چین و سۆڤیەت و لێرەوە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم جیهانی بوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم دا دروست کرا و وردە وردە بزووتنەوەی جیهانی کۆمۆنیزم بوو بە چەند پارچە. ئەمەش لە ئەنجام دا بووە هۆی دروست بوونی چەندین گرووپی «مائۆئیست». بە پێچەوانەی «تیتۆئیزم» مائۆئیزم لە باڵی چەپ دا قەیرانی دروست کرد و خۆشحاڵی چەپە نوێیەکانی لێ کەتەوە کە لە سیستمی بوروکراسی سۆڤیەت ناڕازی بوو و بە جۆرێک لە ژێر چەتری مائۆئیزمدا خۆیان داڵدەدا و سەرقاڵی پێداچوونەوە بە «ریۆیزیۆنیزم» و بارودۆخی سوسیال دێموکراتەکان بوون. مائۆئیزم رێنیشاندەرێک بوو کە بوو بە شۆڕش و هاوتەریب لەگەڵ «ترۆتسکیزم» و هاوکات لەگەڵ «کاسترۆئیزم» و «وارائیزم» بووە بە شەڕێکی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵێکی یەکسانی خواز و «شۆڕشی کولتووری» رێگا خۆشکەرێک بوو بۆ مائۆئیزم و ئامانجەکانی.

زەروورەتە زانسیتی و سیاسیی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا چین، ئەو وڵاتەی لە شەڕێکی ئایدۆلۆژیک لەگەڵ «ئیمپریالیزم» و «سوسیال ئیمپریالیزم» (واتە سۆڤیەت) بەرەو ئەوە برد کە لە رۆژئاوا نزیک ببێتەوەو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێتە پەیوەندییەوە. ئەمەش تا رادەیەک بە زەرەری پێگە و خۆشەویستی مائۆئیستەکان لە چین بوو و پێچەوانەی باوەڕەکانی ئەوانیش بوو. سەردانی «نیکسۆن» بۆ وڵاتی چین و کۆبوونەوە لەگەڵ مائۆ، مائۆئیستەکانی خستە لەرزە. بێگومان بنەمای ئەم پەیوەندییە لە بەرژەوەندییەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام هاوکات ناکرێ نکۆڵی لە زیانەکان و کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی لە سەر پێگەی مائۆئیزم لە چین دا بکەین.

---

سەرچاوەکان:
١ـ ویکی پیدیا
٢ـ http://www.mashal.org
٣ـ ئشوری، داریوش. دانشنامه سیاسی، چاپ دهم، سال ١٣٨٣، تهران، انتشارات مروارید. صص ٢٨٦ و ٢٨٧



دریژەی:

## ماندێللا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات

ئاشتیو ئازادی و دێموکراسیدا کۆڵنەدەرانەو بێوچان تێبکۆشینو رێگە ببرین بەڵام نابێ وەک دوژمنەکانمان بجوڵێینەوەو لەوانەوە پێناسە بۆ خۆمان بکەین». لەراستیدا حەقیقەتی خەباتی ماندێللا لە سەرکەوتنی تاقمێکی ئەتنیکی یا دەستەیەکی سیاسی بەسەر تاقم یا دەستەیەکی سیاسیی دیکەدا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو لە سەرکەوتنی باوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤ لەپێناوی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیدا واتای راستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیەش دەڵێ «سەرکەوتن لە بەرەوە پێشەوەچوون دایە نەک حەتمەن لە بەئامانج گەیشتندا». هەر بۆیەش سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو قۆناغێک بوو لە رێبازی دوورو درێژی خەباتێکی نەپساوەی ئینسانیو دەسەڵاتیش هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو ئامرازێک بوو بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە مرۆڤایەتیی. ماندێللا دەڵێ: «ئازادی، تەنیا لە لێکردنەوەی کۆتو بەندی دەست و پێماندا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو پێویستیمان بە رێزگرتن لە ئازادیی خەڵکانی دیکەش هەیە». دەڵێ»بۆوەی باشتر بژیین پێویستە لەگەڵ رابردوو بێ ئەوەی کە بۆی بەداخ بین رابێینو قبوڵی بکەین، ئێستامان بەمتمانەوە تێپەر کەینو بەبێ ترس بۆ داهاتوو ئامادە بین، ئیمانو باوەڕەکانمان بپارێزینو ترسو دڵەراوکێ وەلا نێین، باوەڕ بە گومان نەکەینو هەرگیز گومان لە باوەڕەکانمان نەکەین .. ژیان سەرسوورهێنەرە تەنیا بەمەرجێک کە بزانین چۆن بژیین». نێلسۆن ماندێللا، لەدایکبووی ١٨ی ژوئییەی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، یەکەمین سەرکۆماری ئافریقای باشوورە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بەم پۆستە گەیشت. ناوبراو بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە رێبەرانی چالاکی خەبات دژی ئاپارتایدی نژادی لەم وڵاتەو سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا بوو. ماندێللا لەدرێژەی ئەو ٢٧ ساڵەی کە لە زینداندا بوو بەهۆی خۆراگری و پێداگری کردن لەسەر رێباز و ئامانجەکانیدا کەسایەتێکی نێونەتەوەیی پەدا کرد. ناوبراو دوای ئازادی لە زیندانو بەدەسەڵات گەیشتن بە هەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوە وهەڵنەستاو سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەو لێبووردەیی لەپێش گرتو هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە وڵاتەکەی هەنگاوەکانی بەرەو دێموکراسی بەخێراییتر بپێوێو دەسەڵات نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بەبێ جیاوازییەوە بکات. رێز و خۆشەویستیی ماندێللا لە ئافریقای باشوور بەرادەیەکە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی نازناوی «مخۆلۆ» واتە بابەگەورەیان پێ بەخشیوە. لە ساڵی ٢٠٠٩وە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رۆژی ١٨ی ژوئییە بەمەبەستی رێزلێنان لە گەورەییەکانی ئەو پیاوە مەزنەی ئافریقا و هەموو جیهان و مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی رەسمی وەک رۆژی ماندێللا ناودێر کراوە.

ماندێللا خاوەنی چەندین خەڵاتی بەنرخی نێونەتەوەیی یە کە گرینگترینیان بریتین لە: سەفیری خەڵاتی ویژدان لەلایەن رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (٢٠٠٦)، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل (١٩٩٣)، ئەندامی شەرەفی حوکمی شانازیی کانادا، حوکمی شانازیی سێنت جۆرج، نیشانی ئازادیی سەرکۆماری، خەڵاتی ئاشتیی لێنین (١٩٩٠)، بهارات رانتا (١٩٩٠)، حوکمی شایستەیی (١٩٩٥)، ئازادیی شار لە ژوهانسبورگ (٢٠٠٤) و ... ماندێللا، رۆژی ٥ی دێسامبری ئەمساڵ (٢٠١٣) لە نەخۆشخانەیەکی شاری ژوهانسبورگی ئافریقای باشوور لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو ١٠ رۆژ دوای مردنی لەنێو ئاپۆرای بەرینی خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و نوێنەری وڵاتە جیاوازەکانی جیهان لە گوندی زادگەیدا بەخاک ئەسپێردرا. یادی پیرۆز و رێبازی بەردەوام.

کوردستان
١٠
ژمارە: ٦٢٢
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٢١ی دێسامبری٢٠١٣
سیاسی



# مافیای دەسەڵات!

## «ستاد اجرایی فرمان امام» جێگای « سازمان املاک و مستغلات پهلوی» دەگرێتەوە...



ئاگری باڵەکی

دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەرەتای هاتنەسەرکاری خۆیان هەوڵیانداوە کە هەرکەسەو بە شێوەی خۆی ببێتە مافیای دەسەڵات و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان لوابێ دەستیان گرتووە بەسەر دارایی و ئابووری ئێران، سپای پاسدارن، ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام، ... بەدەیان رێکخراوی لەم جۆرە پەیدا بوون کە هەر یەکیان بەشێوەیەک لە دەست بەسەر داگرتنی ئێران رۆلی خۆیان بینیوە.

ماوەیەک پێش ئێستا لە چەندین راپۆرتی جیا جیادا، هەواڵدەرییەکانی دەرەوەی ئێران پەردەیان لەسەر ناوەندێکی گەورەی ئابووری لە ئێراندا هەڵدایەوە کە تاکو ئێستا چالاکییەکانی لەسێبەردا بوونو هەتا بەشێکی زۆر لەدەسەڵاتدارانی ئێران زانیاریەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەم رێکخراوە نەبوو. «ستاد اجرایی فرمان امام» ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام ئەو رێکخراوە گەرورە ئابورییە کە هەواڵدەری رۆیتێرز لە چەندین راپۆرتدا شیکاری ئەم رێکخراوەی کردوەو باسی لە هێزو تواناکانی لە هەموو بوارەکانی سیاسەتو ئابووری هێناوەتە بەرباسو لێکۆلینەوە.

بە لێکۆلینەوەیەکی سەر پێیی بۆمان دەردەکەوێ کە «ستاد اجرایی فرمان امام» راستەوخۆ لە لایەن عەلی خامنەیی رابەری شۆرشی ئیسلامی ئێران بەرێوە دەچێ و بە گوتەی سەرچاوەکان بازوی هێزی عەلی خامنەیی‌یە، لە ئێستادا سەرمایەکەی ئەو رێکخراوە ٩٥ میلیار دۆلارە، ( ٢٨٥٠٠٠ میلیارد تمەن)، لەو مەبلەغە ٥٢ میلیار دۆلاری زەوی‌و زاری دەست بەسەر داگیراوی خەڵکەکەیان بێ خاوەنن (بەرپرسانو پێکهێنەرانی حکوومەتی پاشایەتی، هەروەها کەمە نەتەوەکانو دژبەرانی کۆماری ئیسلامین، ....) و ٤٣ میلیار دۆلاری بەهای ئەو کۆمپانیانەیە کە «ستاد اجرایی فرمان امام» دایمەزراندون یان بە پوڵ کریوونی.

### مێژووی ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام؟

ستادی بەرێوەبەریی دەستوی ئیمام لە ساڵی ١٣٦٨ دامەزاوە، بەپێی قانوونو شێوەی جێبەجێکردنی لەسەر بەندی ٤٩ یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە لەسالی ١٣٦٤ لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە دەرچووە، بە دەستوی (ئایەتوڵڵا خومەینی) چالاکییەکانی خۆی لە ساڵی ١٣٦٨ دەست پێ‌کرد. ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩) لەفەرمانێکی دوو پاراگرافی‌دا دەنووسێ و داوا لە حەبیبوڵڵای عەسکەر ئەولادی (کە ماوەیەک پێش ئێستا مرد) باوەرپێکراوی خۆی داوا دەکات، کە بەهاوکاری مەهدی کەروبی و حەسەنی سانحی، کە ئەو بەندەی لە یاسادا لە سالی ١٣٦٤ گونجێنراوە جێبەجێ بکەن. بەندی ٤٩ باس لەوەدەکات کە دەبێ موڵک و دارایی بەرپرسانو نزیکەکانی رێژیمی پاشایەتی دیاری بکرێتو دەستی بەسەر دابگیرێت لە ماوەی یەک ساڵدا دەبێ ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنرێتودەستیان بەسەردا بگرنو بۆخۆیان ئەو ملکو زەویانە بەرێوەبەرنو ئەگەر نا بیانفرۆشنو پووڵەکەی دابەش بکرێت بەسەر رێکخراو و بونیادەکانی سەر بە رێبەری ئێران، وەک «بونیاد شهید» «بونیاد ١٥ خرداد»، «کمیته امداد امام خمینی». هەروەک یاساکە دیاری کردبوو کە ستاد تەنیا یەک ساڵ مۆلەتی هەیە کە ئەم کارانەی کردباو لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٩ دا هەلوەشێنرابایەوە، بەڵام ئێستا دوای ٢٤ ساڵ هەر بەردەوامە، لەدوای مردنی خومەینیو رێبەر بوونی خامنەیی، ئەو ستادە بە هاوکاری عەلی خامنەیی لە کار نەوەستاو لە ئەرکەکانی بەردەوام بوو. عەلی دەستی لێ‌هەڵگرن.

### پێکهاتەی ئەم رێکخراوەیە؟

ئەو رێکخراوەیە وەک لە نێوەکەشی‌ڕا دیارە، سەر بەرێبەریەو شەخسی عەلی خامنەیی سەرپەرشتی دەکاتو هەریەکە لە پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی کە لە دەستوری ئێران‌دا وەک دوو ناوەندی چاودێری پێناسە کراون دەسەڵاتیان بەسەر ئەو رێکخراوەوە نیە.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە تێیدا بەرپرسن پێشوو تر بەرپرس یان وەزیری حکوومەتی بوون یان باوەرپێکراوی عەلی خامنەیین.

### داراییەکانی ئەو رێکخراوەیە؟

موڵک و زەوی: بەپێی زانیاریەکان ئەو رێکخراوە ٥٢ میلیارد دۆلار موڵک و زەویی دەست بەسەر داگیراوی هەیە، کە کڕینە، یەکیک لە بەرێوەبەرانی ستاد بوو بە بەرپرسی «شرکت مخابرات».

یەکێکی تر لەو کۆمپانیایانەی کە ستاد تێی‌دا پشکی تێدا هەیە، بانکی «پارسیان»ە، کە ٢٥٪ پشکەکانی ئی ستادە. هەرچەند زانیاریەکان دەلێن کە «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام» لە زۆربەی کۆمپانیایەکان پشکی سەرەکی نیە، بەڵام بەهۆی پشتیوانەکەی کە رێبەری ئێرانە، ئەوە بەنیسبەتی ئەو کۆمپانیا و کارگانەی کە پشکی تێ‌یان‌دا هەیە لە هەموو بریارەکان‌دا قسەی ئەوەڵ و ئاخر دەکات.

زۆرترین بەرهەمهێنان و کارە ئابوورییەکان ستاد، گرووپێک ئەنجامیان دەدات کە بە گرووپی گەشە پێدانی ئابووری تەدبیر «گروه توسعه اقتصاد تدبیر» بەناوبانگە، گروپی تەدبیر خاوەنی ٦ کۆمپانیای دیکەن کە هەریەکەیان شارەزاییان لە بوراێکی تایبەت‌دا هەیە. وەک نموونە: کۆمپانیای گەشەپێدانی بینای تەدبیر «گروه توسعه ساختمان تدبیر» کە محەممەدی سەعیدیکیا، وەزیری پێشوی



**ماوەیەک پێش ئێستا لە چەندین راپۆرتی جیا جیادا، هەواڵدەرییەکانی دەرەوەی ئێران پەردەیان لەسەر ناوەندێکی گەورەی ئابووری لە ئێراندا هەڵدایەوە کە تاکو ئێستا چالاکییەکانی لەسێبەردا بوونو هەتا بەشێکی زۆر لەدەسەڵاتدارانی ئێران زانیاریەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەم رێکخراوە نەبوو.**

خامنەیی بەم کارەی ویستویەتی کەڵک لەو رێکخراوە وەربگرێ بۆ سەربەخۆیی ماڵیی خۆی لە حکوومەت.

پەرلەمانی ئێران ٤ ساڵ پێش ئێستا لە یاسایەک‌دا ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام لە لێکۆلینەوەو چاوەدێری دارایی هەڵاواردو لە یاساکەی پەرلەمان‌دا هاتووە کە ئەو ناوەندو رێکخراوانەی کە سەر بە رێبەرین ناتوانرێ لێکۆلینەوەیان لێ‌بکرێت تەنها بە ئیجازەی رێبەر نەبێت.

ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام بەهاوکاری دادگای ئینقلاب ئەو زەوی‌و موڵکانەی کە خاوەنەکانیان لە کەمە ئاینەکان، یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامین، یاخو دارو دەستەی رێژیمی پێشون دەستیان بەسەر دادەگرێ یان بە زۆری لێیانی دەستێنێت. لە راپۆرتەکان‌دا باس لەدەست بەسەر داگرتنی موڵک و ماڵی بەهائیەکان لە ئێران لەلایەن ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام دەکەن کە ئەوان مەجبور بوون یان موڵکو ماڵەکەی خۆیان بکڕنەوە یان مەجبور بوون هەموو ئەو زەوی و ملکانە ئی نارازیانی کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها کەمە نەتەوە و کەمە ئاینینەکانن.

کارگەو کۆمپانیاکان: کۆی نرخی ئەو کارگەو کۆمپانیایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام دان بە ٤٣ میلیار دۆلار دەخەملێنرێ. ئەو رێکخراوەیە بەهۆی ئەوەی دەستی لەهەموو بوارەکان‌دا ئاوالەیە بۆیە کارگەو کۆمپانیایەکانیشی بەربڵاون لە نەوتو گاز ڕا بگرە بانکو دروستکردنی ماشێن هەروەها دەرمانسازی تا پەیوەندیەکانی گرتۆتەوە.

بە پێ زانیارییەکان گروپی کۆمپانیایەکانی «توسعه اعتماد مبین» کە ٣٨٪ پشکەکانی ئی «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام»ە، کە ٤ ساڵ پێش ئێستا نیوەی واتە ٥٠٪ «شرکت مخابرات» ی ئێرانی کڕی بە نرخی ٧٨٠٠ (حەوت هەزار و هەشت سەد) میلیار تمەن، دوای ئەم ئاوەدانکردنەوە سەرپەرشتی دەکات. هەروەها کۆمپانیای گەشەپێدانی وزەی تەدبیر کە غولام حوسێنی نەوزەری، وەزیری پێشوی نەوتی ئێران سەرپەرشتی دەکات، یەکێک لە گرێبەستە گرینگەکانی ئەو کۆمپانیایە ، بریتیە لە گرێبەستی ٦٠٠ میلیۆن دۆلاری مەیدانی نەوتی «یاران»ە، کە لە نێوان ئەوان و وەزارەتی نەوتی ئێران ماوەیەک لەمەوپێش بەسترا.

عارفی نەوروزی، بەرپرسی پێشووی ستادی بەرێوەبەری دەستوری ئیمام لە ساڵی ١٣٧٨ دا بە هەواڵدەری فارس دەلێ: رێژەی وەبەرهێنانی ستاد لە پشکی بازاری بورس ٨٠٠ ملیارد تمەنە، هەروەها نەوروزی ئەوەش دەڵێ کە لە کاتی ئێستادا ٢٥٪ پشکەکانی بانکی پارسیان، ٢٠٪ پشکی بانکی میلەت و ١٥٪ پشکی بانکی کارئافەرین و نزیک بە ١٠٪ پشکی ئێران خودرو دەگرێتەوە.

ئاژانسی رۆیتەرز لە راپۆرتێکدا دەڵێ کە ٣ ساڵی لەمەو پێش ستاد گرووپی کۆمپانیایەکانی «رەیل» ی کریوە کە ئەو گروپە لە ٢٥ کۆمپانیای جۆراوجۆر لە بواری وزە ،گەیاندن و بانک تا دەگاتە پەروەریشی وشترمریشک دەگرێتەوە، وەزارەتی خەزانەداری ئەمریکا نرخی گروپی کۆمپانیەکانی «رەیل» بەراورد کردوە بە ٤٠ میلیار دۆلار.

ستاد لە راپۆرتێکی‌دا دەڵێت: هەموو داهاتێکی لە هەموو بوارەکانی ئابووری دا دەدات بە گروپێکی تر لە «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام» دەزگای بەرەکەت (موسسه برکت)، دەزگای بەرەکەتیش ئەو دارایی‌و داهاتانە بۆ سازکردن بەرکاردێنت لە ئێراندا.

ستادی بەرێوەبەری دەستووی ئیمام جێگای رێکخراوی «املاک و مستغلات»ی پەهلەوی گرتۆتەوە. لەساڵی ١٣٣٠ بەدەستوری محەمەد رەزا شای پەهلەوی رێکخراوی «املاک و مستغلات» پەهلەوی دا مەزرا، ئەو سازمانە کارەکەی هاوشێوەی ستادی بەرێوەبەری دەستوری ئیمام بوو، ئەو سازمانە تەواوی ئەو موڵک و زەویانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کەڵکیان هەبا لەسەر تاسەری ئێران‌دا، ئەوا دەستی بەسەر دا دەگرتنو بەنێوی شای ئێران دەنووسران، تەنها زەوییەکانی کە بەناوی شای ئێران بوون تا ساڵی ١٣٤٠ گەیشتوونەتە ٦٠٠٠ موڵک دەست بەسەر داگیراو، ٥ بانک و ١٥ کۆمپانیا و بەدەیان هوتێلو ناوەندی ئابوری لە ژێر دەسەڵاتی رێکخراوی «املاک و مستغلات» پەهلەوی دا بوون، هەر ئەو سازمانە هەمان شێوەی ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام ناوەندێکی هەبوو بەناوی (بونیادی پەهلەوی) کە لەساڵی ١٣٣٧ دا مەزراوە، کە کاری ئەوە بووە کە لەو شوێنانەی کە خەڵک نارازین لەکاری شای ئێران ئەوا هاوکاریان بکاتو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، واتە بە پوڵ و دارایی خۆیان کە پێشتر لێیان هەستێنرا بوو رازی دەکردەوە. ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام کە پێشتر باسمان کرد ناوەندێکی هەیە بەناوی «بونیادی بەرەکە» کە هەمان کاری «بونیادی پەهلەوی» دەکات بەڵام لە نیودا جیاوازن. هەروەها هەر دوو رێکخراوەکەش کارو کردەوەیان یەکە، بەڵام لەکاتی جیاوازدا.

بەگشتی دەتوانین بلێین کە «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام» حکوومەتێک لە سێبەردایە، چونکە بەشی زۆری بەرپرسانی ئەو ستادە وەزیر و کاربەدەستە بەدەسەڵاتەکانی پێشوو و ئێستای ئێرانن، کە راستەوخۆ لەلایەن رێبەری ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام» لە هەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی دا لە کێبرکێیەکی توند دایە لەگەڵ سپاسی پاسداران، بۆیە لە کاتی ئێستادا دەتوانین بلێین کە حکوومەتی ئێران بۆتە چەند جەمسەرێک کە هەریەکە و بەشی خۆی دەوێت لە داهات و دەسەڵات لە ئێراندا.

**سەرچاوە:**
**١- ماڵپەری ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام**
**٢- ئاژانسی رۆیتەرز**
**٣- کەناڵی BBC**
**٤- ویکیپیدیای ئازاد**
**٦- ژیانی بنەماڵەی پەهلەوی**
**٧- قانوونی ئەساسیی ئێران**
**٨- هەواڵدەری فارس و ئێرنا.**

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٢٢

٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢

٢١ی دیسامبری ٢٠١٣

# شەوی یەلدا و بیرەوەرییەک



شەوی «یەلدا» یان وەک لە کوردەواریدا دەڵێن «شەوزستان» لەنێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتدا قەدرو ڕێزێکی تایبەتیی هەیەو هەموو ساڵێ بەپێی دەرفەت یادی دەکرێتەوە. چونکە ئەو شەوە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی شەهید دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. ئێستا کە لە هەشتاوسێیەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ڕێبەری نەمرماندایین، وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە هەموو هاوڕێو هاوسەنگەرەکانم، حەز دەکەم بیرەوەرییەک بگێڕمەوە کە پێموایە کۆمەگێک دەبێ بە باشترناسینی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کوردو لادانی هێندێ پەڵەهەوری چڵکن کە هێندێکەس زەبوونانە هەوڵیان داوە هەرنەبێ بەری گۆشەیەک لە مەزنیی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووەی پێبگرن:

زۆر جار ڕێبەرانی دەوڵەتانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان تۆمەتی کۆکردنەوەی سامانو پاشقولدانی دارایی میللەتیان دەدرێتە پاڵ کە ڕاستیو ناڕاستییەکەی نە مەبەستی ئەم نووسینەیەو نە کاری منە. دوکتور قاسملووش یەکێک لەو ڕێبەرانە بوو کە ئەو جۆرە تۆمەتانەی بە «سەخاوەت»ەوە دەدرانە پاڵ. بەڵام ئەم یەکەیان بیرەوەریی شتێکە کە لەنیزیکەوە لێی ئاگادارم.

د. قاسملوو هەتا مابوو بەرپرسی یەکەمی هەموو دارایی حیزب بوو. بەڵام لەوە گەڕێین کە هەم هاوڕێیانیو هەم ئەوانەی پێوەندیی نیزیکیان لەگەڵ خۆیو حیزبەکەی هەبوو دەزانن ژیانێکی چەندە سادەو ساکاری هەبوو، کاتێک بەدەستی دوژمنانی ئازادی شەهید کرا نەکهەر ماڵو سامانی حیزب، بەڵکوو نێوماڵو کەلوپەلی تایبەتیو تەنانەت کتێبخانەکەشی بەمیرات بۆ ژنومنداڵەکەی بەجێ نەهێشت. چونکە لە وەسیەتنامەیەکدا کە چەندساڵ پێش شەهیدکرانی نووسیبووی بەڕاشکاوی گوترابوو هەرماڵودارایییەک بەناوی منەوە هەیە لە «منقولو غیرمنقول» هەمووی هی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە و بەکردەوەش تەواوی ئەوانە بە حیزبی دێموکڕات گەیشتن. خۆزگە دەخوازم تۆمەتی هەموو ڕێبەرانی دیکەی کوردیش هەروا بێبنەما بێو لێکڕا سەربەرزو ڕووسووری بارەگای بەرزی نەتەوەکەیان دەرچن.

ئێستا سەبارەت بە بیرەوەرییەکە، دوو کۆنگرەی حیزبی دێموکڕات کەوتنە سەروحەدی یادی لەدایکبوونی دوکتۆر قاسملوو. یەکیان کۆنگرەی نۆیەم بوو کە پاش شەهیدبوونی گیرا. ئەمەیان ناوی نرا کۆنگرەی قاسملوو،و کرانەوەکەشی بە پێی بڕیارێکی کومیتەی ناوەندی خرایە شەوی یەلدا، ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی دوکتۆری شەهید. ئەوی دیکەیان کۆنگرەی حەوتەم بوو کە دەستپێکرانەکەی پێش ئەو یادە بوو،و بێئەوەی بەرنامەشی بۆ دارژابێ وا ڕێکەوت کە ڕاست لەو ڕۆژەدا تەواو بوو. ئەمن کە هەموو ساڵێ ئەو ڕۆژەم لەبەر چاو دەگرتو هەرجارەی بە دیارییەکی یەکجار ڕەمزییەوە دەچوومە خزمەتیو دوور لەچاوی میدیاو تەنانەت هاوڕێکانیشم پیرۆزباییم لێ دەکرد، لەکۆنگرەی حەوتەمدا کە ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) بەسترا، دەمزانی ئەو ساڵوەگەڕە دەکەوێتە یەکێک لە ڕۆژانی کۆنگرەو بڕیارم دا-وەک ئێستا دەڵێن- بیکەمە «سووڕپرایز» ێک بۆ بەشدارانی کۆنگرە.

چونکە وەک گوتم تەواوبوونی کۆنگرەش کەوتە شەوی یەلدا ئیدی هیچ پێویستیی بە کۆکردنەوەی تایبەتیی هاوڕێیان یان کڕینی دوو قوتوو شیرنی نەبوو. پێشتر دەگەڵ یەکێک لە ئەندمانی دەفتەری سیاسی باسم کردبوو. بۆخۆم قەڵەمێکی کارپێنەکراوم هەبوو، ناردم لە سولەیمانی بەشی کەواو پانتۆڵیک قوماشی خاکیم بۆ هاتو دەمانچەیەکیشم بەخۆیەوە شک دەبرد کە لە قوتوویەکی جواندا بوو، چووم بەئەمانەت لێم وەرگرت، هەرچی پرسی بۆچیتە ڕاستییەکەیم پێ نەگوتو گوتم دوایە کە هێنامەوە عەرزت دەکەم. ئەو شەوە لە حاڵێکدا خەریکی جەژنی تەواوبوونی کۆنگرە بووینو مۆسیقا لێدەدرا چوومە پشتی میکرۆفۆن گوتم هاوڕێیان ئەمشەو هەروەک جێژنی تەواوبوونی کۆنگرەیە، جێژنی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووشە بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆیو خۆمو هەمووومان دەکەم. ئەمجا داوام لە دوکتۆر کرد تەشریف بێنێ دیارییەکانم پێشکێش کردو گوتم ئەم قەڵەمە دیارییە بۆ پیاوی فکرو نووسین، ئەم دەمانچەیە دیارییە بۆ ڕێبەری بزووتنەوەیەکی چەکدارانەو ئەمەش دەستێک لیباسی پێشمەرگانەیە کورد گوتەنی «بە لەشێکی ساغی بدڕێ». خەڵکەکە چەپڵەیەکیان لێداو ئەوانەی دەرفەتیان هێنا پیرۆزبایییان لێکردو «جێژنی لەدایکبوون» کۆتایی هات.

دوو سێ حەوتوو دواتر سەفەرێکی بەغدام کرد. ئەمن هەروەخت چووبامە ئەو شارە دەرفەتێکم گیر دێناو سەرێکی (یادی بەخێر) «کۆڕی زانیاریی کورد«ی ئەوسام دەدا. ئەو جارەشیان چووم، زۆر لوتفیان نواندو بەگەرمی بەخێراتنیان کردم و لە وەزعی حیزبو ساغوسلامەتیی هاوڕێیانیان پرسی. ئەگەر باشم لەبیر مابێ هەر سێ نەمر مامۆستا مەسعوود محەممەد، مامۆستا شوکور مستەفاو د. ئاوڕەحمان حاجی مارفو یادی بەخێر کاکە حەمەی مەلا کەریم-نازانم کێی دیکەش- لە مەجلیسەکە ئامادە بوون. پاش ماوەیەک مامۆستا مەسعوود محەممەد ڕووی تێ کردمو زۆر بەپارێزەوە فەرمووی پرسیارێک دەکەم هیوادارم پێت ناخۆش نەبێو وەڵامیشم بدەیەوە، چونکە زۆرمان بۆ مەراقە. عەرزم کرد هەرچی بفەرمووی لەخزمەتدام. فەرمووی «ڕاستە قاسملوو عیدمیلادێکی گرتوە ١٥٠ هەزار دیناری تێچووە؟» ١٥٠هەزار دینار ئەودەم دەیکردە ٣٠٠ هەزار دۆلار. ئەمنیش لە وڵامدا هەموو مەسەلەی ئەو «عیدمیلاد»ەم وەک خۆی بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش بە زانینی واقعیەتی مەسەلەکە خۆشحاڵ بوون و گەشانەوە.

خۆزگە بەخۆزگەی ئیماندارانی کورد قەدری ئەو شتانەی زانیباو «کۆشک»ەکانی دوکتۆر قاسملوو لە «ئاشی پشکاوێ» نیزیک گوندی «شێنێ» لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانو لە «سەرشاخان»ی مەنگوڕایەتیی مەهابادو لە «شیوەجۆ»ی گەورکایەتیی سەردەشتو لە «گەلاڵە«ی شینکایەتیو لە «گەورەدێ»ی ناوچەی «ماوەت» خەراپ نەکرابانو یارانو نەیاران بیانتوانیایە ئەو کۆشکو تەلارانە ببینن. بەخۆشییەوە خانووەکەی لە گوندی «بۆڵێ»ی بناری قەندیل کە خۆشترین ماڵی ئەو ڕێبەرە بوو ماوەو ئەوەی گومانێکی لە پاکیو خاکیبوونی ئەو مەزنەپیاوەدا هەبێ دەتوانێ سەردانی بکا.

**یادی دوکتۆر قاسملوو بەخێر، ڕووحی شاد، ڕێبازەکەی بەردەوامو بەدخوازانو بەدگۆیانو بوختانچییانیش کورد گوتەنی «هەرخۆیان بەخۆیان بن».**

**عبدالله حسن زادە**

**بەرە بەری شەوی یەلدای ٢٠١٣**

**لە پەیجی فەیسبووکی عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەرگیراوە**




**شەوی «یەلدا» یان وەک لە کوردەواریدا دەڵێن «شەوزستان» لەنێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتدا قەدرو ڕێزێکی تایبەتیی هەیەو هەموو ساڵێ بەپێی دەرفەت یادی دەکرێتەوە. چونکە ئەو شەوە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی شەهید دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە**

هەڵەچێنی

# ئامریکا هاتە ناو کێشەی هەشت چالاکە گیراوەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



مستەفا شێخە، لە زیندانی مەحەتەی هەولێرەوە ئەم نووسراوە تەنزەی ناردۆتە دەروە و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو بۆتەوە. بە هۆی ئەوەی ستوونی هەڵەچێنی ستوونێکی تەنزی مستەفا شێخەیە، «کوردستان» پێی باش بوو ئەم نووسراوە لێرەدا بڵاو بکاتەوە کەباس لە روشی خۆی و ٦ هاوڕێکەی لە زیندان دەکا کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە زیاتر لە یەک مانگە بە هەڵە بە تاوانی بەردبارانی کونسوولگەری ئێران کە هەولێر، دەسبەسەرن.

ئەمەش دەقی بابەتەکەی مستەفا شێخەیە کە لە ماڵپەری ڕۆژهەڵاتتایمز وەرگیراوە:

ماوەی سیوچوار ڕۆژە لەگەڵ حەوت هاوڕێی دیکەم کە هەمووومان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین، بە تۆمەتی بەردبارانکردنی کۆنسولخانەی یەکێک لە وڵاتان لە هەولێر لە زیندان داین. لە زینداندا وێڕای ئەم تەلەفزیۆنەی لە ناوقەدی دیواری بەندی زیندانەوە بە ریشمانەوە پێدەکەنێت، ڕۆژانە دوو ڕۆژنامەش سەر بە ژوورەکەدا دەکەن. تەلەفزیۆنەکە خێراخێرا ئەم کاناڵو ئەو کاناڵ دەکات. هێندێکجار لە کاناڵێکدا بەسەر هەواڵێکدا دەکوێت کە باس لە کێشەی ئێمە دەکات. خێرا هەوڵەکە لەگەڵ دەنگی خۆشی گۆرانیبێژێکی عەرەب، فارس یان تورکدا جێگۆڕکێ دەکات. ئێمەش لە حەسرەتی نەبیستنی هەواڵە نیوەچڵەکە چەقەنە لێدەدەین. ئای کە چەقەنەلێدان چەندە لە سیاسەتو کوردایەتی خۆشترە!

ڕۆژنامەکانیش لەم ماوەیەدا جارو بار باسمان دەکەنو مانشێتەکان لێمان مۆڕ دەبنەوە. هەریەک دوو ڕۆژ دوای گیرانمان ئوستازێک کە خۆی بە نسحەتکاری گەلی کورد دەزانێت، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا وەک خوێڕی هیچوپووچی ناساندینو داوای لە یاسای سەروەر کرد بە توندی سزامان بدات. ئەمڕۆش ڕۆژنامەی خەبات لە هەواڵێکدا لە لاپەڕە چواری ژمارە ٤٤٥٩یدا، لە دوا ستوونی هەواڵی لای خوارەوەیدا ئاوڕێکی بەخێری وێداینەوە. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکە «ئەو هەشت گیراوەی لە مانگی رابردوودا لە هەولێر بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر کۆنسولخانەی ئەمریکا گیراون، ئەوان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە گیراون.» ئەوە دەقی رستەکانی ڕۆژنامەکە بوو.

ئەگەر بەمزووانە ناوی کۆنسولخانەکە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، کێشەی ئێمە چارەسەر دەبێتو رەنگە لە لایەن ئێرانەوە پاداشمان بدرێتەوە. ئەگەر وابێت، پاش هێرشی چەند مانگ دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە تێیدا هەموو دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە تاران لە باڵوێزخانەی ئێران بۆ چەند مانگ دەستبەسەر کران، ئەمەی ئێمە دەبێتە دووهەم هێرشی ئێرانییەکان بۆسەر نوێنەرایەتیی سیاسی ئەمریکا لە تارانو پاشان لە هەولێر.

بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەکە پەشیمان بێتەوە ئەوە هیچو ئەگەر بەپێی نووسینی ئەم دوو ڕۆژنامەیە بڕوانینە پەروەندەکەمانو واز لە چەقەنەلێدان بۆ گۆرانیە عەرەبیو تورکیو فارسیەکان بێنین، دەکرێ ئەم ئەگەرانەی خوارەوەمان لەبەرچاو بێت:

١- دەکرێ دوو کەس لە دەستگیرکراوان سەرەتا دوای بەردبارانکردنی یەکێک لە کۆنسولخانەکان بە تەلەفۆن بانگ نەکرابنە بەر کۆنسولخانەو دەستگیر نەکرابن.

٢- دەکرێ پێنج کەس لە دەستگیرکراوان خۆیان دووجار نەچووبنە سەرۆکایەتیی پۆلیسی هەولێرو وەک شایەتی بێتاوانبوونی دوو دەستگیرکراوی یەکەم خۆیان نەناساندبێو جاری دووهەم بۆ ماوەی سەعاتێک چاوەڕوانی بەڕێوەبەری پۆلیس نەبووبنو ئەوانیش لەوێ دەستگیر نەکرابن.

٣- دەکرێ ئەم پێنج کەسە بە چەکو دەراغو رەخت و فیشەکدانو ڕۆمانەی ئێراقیو نارنجۆکی ئێرانییەوە خۆیان بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس داکردبێو لەوێ دەستگیر کرابن.

٤- دەکرێ کەسی هەشتەم لە نووسینگەی یەکێک لە حیزبو میزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ هێندێک کەلوپەلی دیکە نەهێنرابێتە پۆلیسو دەستگیریش نەکرابێت.

٥- بەڵام ناکرێ ئێمە کۆتاییمان بە خۆپێشاندانێکی ئارامی بەمۆڵەت هێنابێت، زبڵو خۆڵی شوێنی خۆپێشاندانمان کۆکردبێتەوەو وەک دەستخۆشی پێگوتن تۆقەمان لەگەڵ هەموو پۆلیسەکانی پارێزەری خۆپێشاندانەکە کردبێ.

٦- هەتا ئەو کاتەی دەسەلمێندرێت ئێمە تاوانبارین، مادەی ١٠ی یاسای خۆپێشاندانەکانی هەرێم کە ئەوپەڕی سزاکەی یەک مانگ زیندانە لە سەروەری دەکەوێت، دەبێ چاوەڕوان بین پەرلەمانی تازەی هەرێم پێکبێتو لەسەر مادەیەکی وا ڕێکبکەوێت کە شیاوی ئەوە بێت وەک مادەیەکی یاسای سەروەر سەیری بکرێت. لە چاوەڕوانیی ئەم شیمانانەی سەرەوەو چەند شیمانەیەکی چاوەڕواننەکراو و تەنانەت بڤەشدا هەروا چاوەڕوانی ڕۆژنامەی دیکەینو بە دیار گۆرانیی عەرەبیو تورکیو فارسی تەلەفزیۆنی ناوقەدی دیواری بەندی زیندانەوە چەقەنە بۆخۆمان لێدەدەین.

**مستەفا شێخە- زیندانی هەولێر**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 622 21 Decem 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# (بۆ مەرگی ماندیللا)

## لە پەسنی کەسایەتییەکی مێژوویی و جیهانی دا:

ئامادەکردنی: ع. وریا

«جیهان یەکێک لە شوێندانەرترین، بوێرترین و باشترین مرۆڤەکانی سەرڕووی زەویی لە دەست دا.»

**باراک ئۆباما**، سەرکۆماری ئەمریکا

«یەکێک لە قارەمانانی سەردەمی ئێمە ڕۆیی و چرایەکی گەورە لە جیهان کوژایەوە«

دێیڤید کامیرۆن، سەرۆک وەزیری بریتانیا

« ئەو سەلماندی ئەگەر ئێمە بڕوامان هەبێ، خەونمان هەبێ و بۆ وەدیهێنانی، لە پێناوی دادپەروەری و مرۆڤایەتیدا هاوکاری بکەین، چەندە دەرفەتی بێهاوتا دەخوڵقێ.»

**بان کی مۆن**، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەوانەیە میراتی ئاشتیی ئەو لە گەڵ هەرەشە بەرەوروو بێ، بەڵام سبەی و ڕۆژانی دواتر، خۆر دیسان هەڵ دێ. ئەگەر وەک ڕۆژی پێشووش، ڕووناک نەبێ، بەو حاڵەش ژیان درێژەی دەبێ.»

دێزمۆند توتو یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانیبزووتنەوەی دژ بە ئاپارتاید ئەفریقای باشوور

«**ماندێلا** بە هەوڵەکانی خۆی، باشووری ئەفریقایەکی نوێی دروست کرد. دەروەستبوونی شێلگیرانەی ماندیللا بۆ بەرەوژووربردنی کەرامەتی مرۆڤ و پێکهێنانی ئەفریقایەکی باشووریی نوێ لە سەر بناغە پتەوەکانی، ناتوندوتیژی، ئاشتی و ڕاستی، جیگاێرپیزلێنانن. لە خودای دەپاڕێمەوە کە سەرکۆماری کۆچکردوو، سەمبولیکی ئیلهامدەر بێت بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەفریقای باشوور بۆ ئەوەی دادپەروەری و خێرخوازی بخەنە سەرووی ئامانجە سیاسییەکانیان.»

**پاپ فرانسیس** ڕێبەری کاتولیکەکانی جیهان

«خەڵکی باشووری ئەفریقا! نێلسۆن ماندیللای خۆشەویستمان کە باوکو دامەزرێنەری وڵاتی دیموکراتیکی ئێمە بوو، بە جێی هێشتین.... ئەو ئێستا بە ئاسوودەیی چاوەکانی لێک ناوە. وڵاتی ئێمە باشترین ڕۆڵەی خۆی لە دەست دا. ئەگەر چی ئێمە دەمانزانی کە ئەمڕۆژە هەر دێت، بەڵام هیچ شتیک ناتوانێ بەداخبوونی ئێمە لە نەمانی، لە نێو ببا.

هەوڵی ماندوویی نەناسانەی ماندێلا لە پیناوی ئازادی‌دا، بووە هۆی ئەوەی ڕێزو خۆشەویستیی جیهانی پێ ببڕێ. خاکەڕاییو دلۆڤانیو مرۆڤدۆستییەکەی بووە هۆی ئەوەی کە هەموان ببنە هۆگر و ئەویندارى. دڵ و گیانی ئێمە لە گەڵ بنەماڵەی ماندێلا دایە. ئێمە زۆر قەرزداری ئەو بنەماڵەیەین.

ئەوان فیداکاریی زۆریان نواند و زەحمەتی زۆریان کێشا بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە بتوانن بە ئازادی بژین. دڵ و گیانی ئێمە لە گەڵ بنەماڵەی ماندیللا دایە. ئێستا ماتەمبارترین ساتی ئێمەیە. ولاتی ئێمە باشترین ڕۆڵەی خۆی لە دەست دا. نێلسۆن ماندیللا، بووە هۆی پاڵوێکدانی ئیمە و ئێستا ئیمە شانبەسانی یەکتر ماڵاوایی لێ دەکەین.»

**جاکوب زوما**، سەرکۆماری ئیستای ئەفریقای باشوور

گەلی فەلەستین هیچکات ماندیللا لە بیر نابەنەوە.ئێمە بۆ کۆچی دوایی ئەم ڕێبەرە نیونەتەوەیی و مەزنە، ماتەمبارین. ماندیللا، ئازاترین و گرنگترین مرۆڤیی جیهان بوو کە پشتیوانیی لێدەکردین. لە گەڵ ماندیللا پێوەندییەکی ئەوەندە پتەو و مێژووییمان لە نێوان فەلەستین و باشووری ئەفریقا دا پێک هێنا کە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. ماندیللا ڕیبەر و خەباتکارێک بۆ ئازادیی نەتەوەکەی خۆی و سەبولێک بوو بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان بۆ ئازادی لە چنگ ئیستیعمار و داگیرکەر. ئێمە و گەلی فەلەستین هیچکات ئەو قسە مێژوویيانەی ئەو لە بیر نابەینەوە کە وتی شۆڕشی ئەفریقای باشوور کامڵ نابێ، هەتا ئەو کاتەی گەلی فەلەستین، ئازادیی خۆی بەدەست نەهێنێ.»

**مەحموود عەباس**، سەرۆکی دەسەلاتی خۆبەڕیوەبەری فەلەستین

مرۆڤایەتی ماتەمبارە. فەرانسەش لەم ماتەمە دا بەشدارە و لە شانبەشانی باشووری ئەفریقا، کە ئەمڕۆ بۆ ئەم پیاوە گەورە دەگرین،ڕادەوەستێ. فرانسوا ئۆلاند، سەرکۆماری فەرانسە، دەیەوێ هەموو فەرانسەییەکان لەم پەیامە دا بەشدار بن وئاڵای فەرانسە نیوە شەکاوە بێ. ماندیللا ببووە سەمبولی مرۆڤایەتی. ئەو میراتێکی بە نرخی لە دوای خۆی جێ هێشت. هەموومان لە ئاست ئەو میراتە بەرپرسیارین.»

**ژان مارک ئێرۆ**، سەرۆک وەزیری فەرانسە

«بە مردنی ماندێلا، دۆستێکی خۆشەویستم لە دەست دا. دۆستێک کەسەمبولی مرۆڤیکی ئازا، کامڵ و دەروەست بوو.

باشترین ڕێزگرتنی ئێمە لەو مرۆڤە، ئەوەیە کە هەموو هەوڵی خۆمان بۆ یەکگرتوویی مرۆڤایەتی و ئاشتی و تەبایی جیهان بە کار بێنین.ئەمە ڕاست ئەو کارەیە کە ئەو بۆ خۆی کردی.»

**دالایی لاما**، ڕێبەری ئاییینی بوداییەکانی تەبەت

خەم و ماتەمی خۆم بە بۆنەی مردنی کەسێک کە بە داکۆکی لە مافی مرۆڤ و یەکسانی، سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕ اکیشا، ڕادەگەیەنم. ماندیللا فێری کردین کە هیچ کەس نابێ سەبارەت بە ڕەنگی پێست و هەلومەرجی ژیانی، سزا بدرێت. ئەو هەر وەها فێری کردین کە دەتوانین بە گۆڕینی ڕوانینەکان وبۆچوونەکانمان، جیهان بگۆڕین. من ماندیللا بە مرۆڤێکی گەورە دەزانم کە ئاستی سەرمەشق و پیوەری مرۆڤایەتیی بەرز کردەوە.

**ئانگ سان سووچی** ڕێبەری ناڕازییان و سەمبولی دیموکراسیی میانمار

## بە وێنە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی

